**خوێندنەوەی لاپەڕەکان... ئەو ڕۆژو شەوانەی لەبیرم ناچێتەوە**

# لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٦دا کاک (ئارام) دوو نامەی بۆ دوو دەوڵەمەندی کوردی بەغدا نووسیبوو کە ناسیاوی خۆی بوون، ئەوەی لەبیرم ماوە یەکێکیان کاک (خەسرەو تۆفیق) بوو



حاجی مەمۆ

لەبیرم نەماوە، یەکەمجار لەکوێ لەگەڵ مامۆستا (برایم سەید غەفور) یەکترمان دیت، بەڵام بەماوەیەکی هێجگار کورت، نێوانمان زۆر هاوڕێیانە بوو، ئەو هاوڕێیە زۆر بەگوڕ و تاو بوو، بەهەستێکی جوامێرانە و چاونەترسانە ئامادەیی خۆی بۆ سەرلەنوێ گرێدانەوەی شیرازەکانی ڕێکخستن دەربڕی و بەپەرۆشەوە لە هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوە و پتەوکردنەوەی ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە لەناو شاری هەولێر و دەوروبەر و ناوچەی بادینان و مەخمور و کەندیناوە و شەمامک کەوتە چالاکی، چونکە لەلای ئەویش هێڵی ڕێکخستن هەبوون و پەیوەندی هاوڕێیانەی خۆیان نەپچڕاندبوو کە لەناویان دا هاوڕێی سەربەرز و شەهیدی قارەمان مامۆستا کاوە و مامۆستا بکر و مامۆستا سیف الدین و شەهید ئەیوب عارەبکەندی و کاک مەجید کاکۆ و دەیانی تر هەبوون کە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە.

بەهیمەت و نهێنی پارێز بوو، ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەبوو لە گەشەکردن و نەشونماکردنی ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو ناوچەیەدا.. زۆرکاری ڕێکخستنی لەئەستۆ گرتبوو، هەتا لەبواری پەیوەندی کردن و هاوکاری ڕێکخستنی بۆ هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لەناوچەکەدا، دەیان جار گیانی خۆی خستۆتە مەترسی و کارەکانی بەسەرکەوتویی ئەنجام داوە.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ بوو، ئێمە لەلای خۆمانەوە کۆمیتەیەکی پتەو و تۆکمەمان لەناو شاری هەولێردا هەبوو کە لەهاوڕێیان، مامۆستا برایم، مامۆستا صدیق رەنجبەر، بەندە پێکهاتبوو، کارەکان بەوپەڕی گیانی هاوڕێیانەی پڕ لە لەخۆبوردەیی و قوربانی دان ئەنجام دەدران. من لەلای خۆمەوە چەند لێژنەیەکی سێ کەسیم سەرپەرشتی دەکرد و درێژەمان بەخەبات دەدا، لە نمونەی هاوڕێیان کەریم رەسول و صابر رسول و دکتۆر مەجید عەولا کە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لە زانکۆی موصل هەروەها چەند هاوڕێیەکی کرێکار لە نمونەی (عومەری چاپخانە) و (ڕۆستەمی بیرهەڵکەن) و (حامد فەرحان)ی کرێکاری شارەوانی. پاشان هەر بەتەنیا چەند هاوڕێیەکی دیکەم دەبینی لە نمونەی مامۆستا یوسف دەرگەلەیی (هێڵێکی ڕێکخستنی گورج و گۆڵی هەبوو) هەمیشە پیتاک و ئابونەویان لەهەموو هێڵەکان زیاتر بوو، هاوڕێ "زریان" بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانی سۆران و چۆمان و رواندز و دەوروبەرەکانیان، هاوڕێ (فریاد محی الدین) لە بەغدا کە سەرپەرشتی هێڵەکی دەکرد لەناو شاری بەغدا و زانکۆی بەغدا بوو.

ماوەیەک لەگەڵ هاوڕێ (سەعدی خەلیل) دابڕابووم، چونکە من بەهۆی کاری دائیری سەفەری شاری (بصرە)م کردبوو، لەبیرمە ئەو ڕۆژەی گەیشتمەوە ماڵ دایکم یادی بەخێر هەر لەبەر دەرگا بوو، پێی گوتم، کوڕم ئەو کوڕە باریکەلە چەند جارێک هاتوە و سۆراغی پرسیوی و زۆر بەپەلە رایسپاردوم بە زوترین کات پەیوەندی پێوە بکەم. ئەوەبوو پاش دانانی کەل و پەلەکانم، لەگەڵ هاوڕێ ڕۆستەم کە بۆ پاش کاری دائیرە، تاکسیەکی کرِبوو کە زۆربەی کارەکانی (کۆمەڵە) مان لەناو شار و دەوروبەر پێ ڕادەپەڕاند، بەیەکەوە چووین نزیک ماڵەکەی هاوڕێ (سەعدی خەلیل) و هێشتا دونیا ڕووناک بوو لە دەرگای ماڵەوەیانمدا، هاوسەرەکەی دەرگای لێکردمەوە و یەکسەر گوتی، تۆ (عباس)ی! گوتم، بەڵێ. گوتی زوو لێرە برۆ و خۆم هەواڵی دەدەمی کە پەیوەندیت پێوە بکات. دیار بوو دائیرەی (ئەمن)ی هەولێر هاتبونە سەرماڵەکەی و بەرێکەوت لەماڵ نەببووو و بەئاسانی رزگاری ببوو. هەر بۆ شەوەکەی هاوڕێ (سەعدی خەلیل) کە دیار بوو لەماڵی هاوڕێیەکی کاک (مەلا عەزیز) واتە هەمو ڕێکخستنەکانی لای خۆی تەسلیم بەمن کرد و نهێنییەکانی هەمووانی بەجێ هێشت و هەرلەوێ هاوڕێ (مەلا غەفور)ی بەمن ناساند و لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە هاوڕێی ناوبراو بکرێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوشاری کۆمەڵە لەگەڵ هاوڕێیان، م. سەید برایم، م. صدیق رەنجبەر و بەندەش وەک لێپرسراوی کۆمیتەکە و ئەوە دواجار بوو لەگەڵ هاوڕێ (سەعدی خەلیل) یەکتر ببینینەوە، زستانی ساڵی ١٩٧٨ بوو بۆ پێشمەرگایەتی چووە شاخ و دوایی لەهاوینی ساڵی (١٩٧٩) لە بناری کۆسرەت لە شەڕێکی بەرانبەر هێزەکانی رژێم شەهید بوو و نەمدیتەوە.. هاوڕێ (سەعدی خەلیل) کە یەکەم لێپرسراوی کۆمەڵەی ناوشاری هەولێر بوو بەدوای گیران و هەڵوەشانەوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٥)دا. بەڕاستی هاوڕێیەکی جەربەزە و چوست و زۆر وریا بوو، هەموو گیانی وڵاتپارێزی و قوربانی دان بوو، لەناو باوەشی خێزانێکی جووتیاری هەژاری گوندی قەشقە و خوێندنی شاری کەرکوک و هەولێر نمونەی کادیر و سەرکردەیەکی بەتوانا و لێهاتوو بوو، هەمیشە دەم بە پێکەنین و قسەخۆش بوو، بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی لە خەباتی چەکداری نوێدا زۆر کورت بوو. بەڵام دەیان ڕۆڵە و کادیری بۆ خەبات و پێشمەرگایەتی لەناوچەکە و ناوشاری هەولێر پێ گەیاندبوو.


وەک لە بەشەکانی پێشەوەدا باسی ئەوەم گێڕاوەتەوە کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٦دا کاک (ئارام) دوو نامەی بۆ دوو دەوڵەمەندی کوردی بەغدا نووسیبوو کە ناسیاوی خۆی بوون، ئەوەی لەبیرم ماوە یەکێکیان کاک (خەسرەو تۆفیق) بوو.. وەرزی بەهار بوو، لەڕێگای کاری دائیرەوە چوومە بەغدا کە زۆربەی هەفتەکان بۆ ئیش و کاری لێژنەی کڕین بۆ بەغدا دەچووم. لەبیرمە چوومە کۆڕی زانیاری کورد و چاوم بە هاوڕێ (فریاد محی الدین) کەوت، بەیەکەوە شوێنی ئەو دوو کەسانەمان دۆزییەوە، کاک (خەسرەو تۆفیق) کە ئۆفیسەکەی لە گۆڕەپانی (التحریر) بوو...: هاوڕێ (فریاد) لە خوارەوە لەسەر جادەکە وەستاو و من بەسەرکەوتم.. ئەو دەمە (بەندە) لەڕولاواز، باریکەلە و چاویلکە لەچاو بووم، قژم پاک تاشیبوو. لەژوورێکی پێشەوە، سکرتێری ناوبراو زۆری لەگەڵ هەوڵدام، چ کارێکم هەیە بەو بڵێم و ئەو دەگەینێتە ژوورەوە. بەڵام خۆم لەسەر ئەوە سوور بووم کەمن لە سلێمانی هاتووم و کاری تایبەتیم بەکاک (خوسرەو) هەیە.ئەوەبوو خۆی چووە ژوورەوە و کە هاتە دەرەوە بواری منی دا، خۆم بەتەنیا چوومە ژوورەوە، پاش سڵاوکردن، گوتی، بڵێم کوڕم چ کارت هەیە کەوا لە سلێمانی هاتووی! کە قسەکانی خۆم کرد، گوتی، تۆ کوا خەڵکی سلێمانی! بە قسەکردنەکەت لە خەڵکی شار ناکەیت! گوتم قوربان، من ئەو نامەیەم بۆ هێناوی و حەزدەکەم لەبەرچاوی خۆم بیخوێنییەوە و هەر هەنوکەش وەڵامەکەم بدەیتەوە. چونکە زۆر دەترسام، نەوەکو سکرتێرەکەی بانگ بکات و ئەویش بەو نهێنییە بزانێ و بەیەکەوە پەل بەستم بکەن! هەر کە نامەکەی خوێندەوە، رەنگی دەم و چاوی بەتەواوی گۆڕاو کە خۆی کەتەیەکی دەم و چاو گۆشتن و سوورە بوو، یەکجاری سوور بووەوە، بەشپرزەیی گوتی، کوڕم تۆ بەدوای مەرگی خۆتدا دەگەڕێی! کێ تۆی هێناوەتە ئێرە و چۆن منتان دۆزیوەتەوە؟! منیش پەیوەندی خۆم لەگەڵ کاک (ئارام) پێ گوت و بەکورتی وەڵامی دامەوە کە کاک (ئارام) داوای هەندێ پیتاکی لێ کردوە و گوتی بەیانی وەرەوە بۆتی دەخەمە زەرفێکەوە و لەلای سکرتێرەکەمی دادەنێم.. منیش بەدڵخۆشییەوە ماڵئاواییم لێکرد و ئەو هەر لە شوێنەکەی خۆی نەدەجولا و دەرگام کردەوە و دەرچووم....

کە هاتمە دەرەوە، هاوڕێ (فریاد) لەوبەری جادەکە چاوەڕوانی دەکردم و بەیەکەوە پیاسەیەکی (ئەبو نواس)مان کرد و دواتر ئەو گەڕایەوە شوێنی خۆی و منیش چوومەوە هوتێلەکەم. کاک (فریاد) زۆری لەگەڵ گوتم، کە ئەوانە دەوڵەمەندن و تەنیا گوێ بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەدەن و واچاکە وازی لێ بهێنم و بەدوایدا نەچمەوە، چونکە دوور نییە ئەو تەلەفۆن و پەیوەندی بە دەزگاکانی حکومەتەوە نەکات و تەپکەیەکم بۆ دانەنێتەوە. بەڵام گوێم بەو ترس و لەرزە نەدا و جێ بەجێ کردنی فەرمانەکەی کاک (ئارام)م لەلا گەورەتر بوو. بەیانی لەکاتی دیاریکراو چومەوە ئەو شوێنە، بەبێ ئەوەی هاوڕێ (فریاد) لەگەڵ خۆم بەرم. کە سەرکەوتم و سەیرێکی سەر پەیژەکان و ئەوبەر و ئەوبەری دەوروبەرم کرد، هەستم بەهیچ شتێکی نائاسایی نەکرد. زۆر بە هێمنی و لەسەرەخۆ چوومە ژووری سکرتێرەکەی و هەرکە چاوی بەمن کەوت، هەر ئەوەندە گوتی ناوت چییە! و یەکسەر زەرفەکەی دایە دەستم و منیش بە خێرایی هاتمە خوارەوە، لەبەر دەرگای ئاپارتمانەکە تەماشام کرد، کاک (خەسرەو تۆفیق) خۆی لەوبەری جادەکەوە خۆی بەشتێک خەریک کردبوو، چاوەڕوانی دەرچوونی من بوو، منیش بەبێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدەمەوە ڕێگای خۆم گرت و چوومەوە لای هاوڕێ (فریاد) و مژدەی جێ بەجێ بوونی کارەکەم پێ گوت کە زۆر دڵخۆش بوو. گوتی نامەکەی دووەم با ئەرکی من بێت کە بەداخەوە ناوەکەم لەبیر نەماوە بۆ کێ بوو. بەڵام کابرا بەدەنگی کاک (ئارام)ەوە نەهات.

* هاوڕێ"فریاد محیەدین" کە خەڵکی کۆیەو لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەر و کاروانی شۆڕش بوون، مرۆڤێکی قسە خۆش و کەم دوو بوو، بڕوای تەواوی بە دروستبوون و هاتنە مەیدانی ڕێکخستنی نوێی چینە زەحمەتکێشەکان هەبوو، کە بواری خەباتی ژێرزەمینی و نهێنیدا نموونەی پشت پێ بەستنی و پیاوی هەڵسوڕان بوو، بەداخەوە لەدوای نەوەدەکانی چەرخی رابردوو، لە وڵاتی ئەڵمانیا پەنابەر بوو، لەوێ بە نەخۆشییەکی کت و پڕ لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کردو چەندجارێک بەتەلەفۆنی نێوان ئەڵمانیاو سوید یەکترمان بەسەرکردەوەو زۆر بەهێمنی بێ نازانە ماڵئاوایی لەژیان و نەتەوەکەی کرد.

بەشی دوانزەهەم

# لەساڵی ١٩٦٣ بە پەنجا دینار بەڕێوەبەری بەندیخانەی نوگرە سەلمانمان کردە کرێ گرتەی خۆمان



حەسەن مستەفا

ساڵی ١٩٦١ حکومەتی"عەبدولکەریم قاسم" سەرۆکی کۆماری عێراقی ئەو سەردەم، دەستی بە گرتن و راوە دوونانی ئەندامانی پارتی کردوو و هەتا سەرکردەکانیشی دەگرت، ئەوجا لەساڵانی ١٩٦٠-١٩٦١ چەند کەسێکی لەئێمەگرت وەکو خوالێخۆشبووان"عومەر دەبابە، حەمید کاوانی و مەحموود کاوانی". منیش ئەمری دوورخستنەوەم دەرچوو لە حکومەتی"عەبدولکەریم قاسم" بە فەرمانی حاکم عەسکەری ئەوکاتی کە"ئەحمەد ساڵح عەبدی"بوو، بۆ ناحیەی"شەنافیە"ی سەر بەقەزای"شامیە"ی، پارێزگای دیوانییە دوور خرامەوە، هەر لەساڵی "١٩٦١ز"ەوە، حیزب بڕیاری شۆڕشی دەرکرد دژی رژێمی بەغدا، شۆڕش دەستییپێکرد لە ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ز. ئێمە لە دوورخستنەوە کەوتینە بەندیخانەکان، دیسان بە ئەمری حاکم عەسکەری گشتی دەڵێت: هەرچی سەر بە پارتییە لە دوورخستنەوە بیان هاوێنە زیندانەکان، من لە"شەنافیە" بەتەنها لەژوورێک کرام، تا ساڵی ١٩٦٢ز. کە عەبدولکەریم قاسم لەسەر شەقامی"رەشید"لێیدرا، دەرچوونی لە خەستەخانەی ناونابوو"عەبدولسەلامە".

رۆژی ١٩٦٢/٢/٣ لێبوردنی گشتی دەرکرد، ئێمەش بەبەر لێبوردنی گشتی کەوتین و گەڕاینەوە هەولێر، دەستمان بە ئیشوکاری حیزبایەتی کردەوە، شۆڕشی ئەیلوول دەستیپێکردبوو، پێشمەرگە لەشاخەکانی وەکو سەفین و بێتواتە دەستبەکاربوون، ئێمەش چەند کەسانێک لەناو شاری هەولێر بووین، کاک عەلی عەبدوڵلای موهەندیس کە هەنووکە جێگری کاک مەسعود بارزانییە، فەرزی کرد لەسەر من گوتی:"تۆ نابێ شار بەجێبێڵی"، رۆژێکیان نووسراوێکی بۆناردم بە تەتەری ناوشار، ئەوکاتی خوالێخۆشبوو"قادر حەمشین"بوو، دەڵێت: پەیوەندی بە"فارس باوە و بورهان عەزیز ئاغا"بکە، لەڕێگای هەڤاڵێکی خۆمان ناوی"عوسمان حەمە رەش"بوو، پەیوەندیم بە"فارس"کرد، فارس وەڵامی دامەوە، من ئامۆژگاری حیزبیم پێڕاگەیاند لەلایەن کاک عەلی وترابوو کە یارمەتیمان بدات لەناوشار، گوتی:"من هەر شتێک شەرەف- کوردایەتی تێدابێت ئادەم گیانی خۆشم پێشکەش بکەم"لەپێش چاوی هەمووتان، دیاربوو کە فارس بوو بەچ قارەمانێک. ئەمجارە پەیوەندیم لەگەڵ رەحمەتی"بورهان عەزیز"کرد، ئەویش وەڵامی دامەوەو گوتی: ئامادەم لەڕێگای کورد سەرو ماڵ و سامانم پێشکەش بکەم هەر فەرمانێکم پێبسپێرن بەچاوان جێبەجێی دەکەم.

منیش وەڵامی کاک"عەلی"م، بەمجۆرە دایەوە: ئەوجا لەڕێگای"پ.م"ناوە ناوە ئەرکیان پێسپێردرا لەناوشار، شەوێک عەمەلیاتێکی گەورە کرا لە"ئاوی نافورە" رژێم دەوری چەند گەڕەکێکی لەهەولێر تەوق کرد، چەند کەسانێک لەئێمە کەوتینە دەستی رژێم. هەر لەساڵی ١٩٦٢ز. ئێمە چەند کەسانێک بووین، ئەوانەی کە لەبیرم ماون"مەحموود مەلا، قادر سۆفی، قادر شۆڕش" پاش لێکۆڵینەوەی ئەمنی هەولێر، منیان رەوانەی بەغدا کرد بەتەنها، لە بەغداش پاش لێکۆڵینەوەو تێهەڵدانێکی زۆر، ئێمەیان بردە موقف سەرای بەغدا، ئەوانەی لەبەغدا یەکتریمان ناسییەوە، حاکم ئەمیر حەوێزی بوو کە لەسەر بەکراغای برای گیرابوو، مەغدید عومەر برای تۆفیق عومەر، سەید حوسێنی باوکی سەید مەجید، لەگەڵ مستەفای کوڕی.. ماوەیەکی باش ماینەوە، بەڵام شوێنێکی یەکجار ناخۆشبوو، چونکە ژوورەکە بەو هاوینە گەرمە پانکەی تێدا نەبوو، ئینجا ئێمەیان دابەشکرد بەسەر بەندیخانەکانی خوارووی عێراق، من بەبەر بەندیخانەی نوگرە سەلمان کەوتم، نوگرە سەلمان شوێنێکی زۆر گەرم و ناخۆشبوو، ئاوەکەی وەک خێواوک وایە، پیاو نەیدەتوانی خۆی بە ئاوەکە بشوات، رۆژانە تانکەری ئاو دەهات، ئاوی دابەشدەکرد، بەپێی ژمارەی قاوشەکان، هەریەکەو یەک تەنەکە ئاوی بەردەکەوت، بۆماوەی"٢٤"بیست و چوار کاتژمێر. ژمارەی ئێمە کە بەناوی کوردایەتی گیرابووین"٣١١"کەس بووین. ئەو ناوانەی کە لەبیرمن ئەمانە بوون: حەبیب محەمەد کەریم، حەسەن مستەفا، ئەندازیار خالید دلێر، خوالێخۆشبوو"عەونی کۆیی"شاعیر کە دەکاتە باوکی فەرهاد عەونی، کامەران موکری، تەها بابان، مامۆستا لەتیف نادر رواندزی، برایم حەمەدلاو رواندزی، حەمەدەمین گورگۆ رواندزی، مستەفا خەیات رواندزی، سەلیم برایماغا مەمی خەلان، حوسێن مام تەها مەمی خەلان و عەولای برای، شێخ کەریمی کاک مستەفای هیرانی، مەولود عەزیز چەمچەماڵی، مەلا حەسەن شەقڵاوەیی کۆنە رەئیس عورەفای پۆلیس، حەسەن ناسر شەقڵاوەیی، سەیدەکانی حاجی ئۆمەران و سەید مستەفا حاجی کەمال رەشید. داوای لێبوردن لەو کەسانە دەکەم کە ناویانم نەنووسیون و ناویانم لەبیر نەماوە، ژمارەی شیوعییەکانیش دەوری"١٠٠"کەسێک دەبوو. هەروەها جەماعەتی ئەیاد سەعید سابت کە لە"عەبدولکەریم قاسم"یان دا، لەشەقامی رەشید، ئەوانیش نزیکەی"١٥"کەس دەبوون، سجنی عادیش ئەوانەی کە سیاسی نەبوون، ژمارەیان"١٠٠"کەس دەبوون. هەرچی سجنی عادی و چەقۆ وەشێنەکانی عێراقە لەوێ کۆکرابوونەوە، بەڵام مەحکەمەی عورفی دەستبژێری کرد، ئێمەی چەند کەسێک دایە ئەو دادگایە.

چەند کەسێک فەرمانی خنکاندنیان بەسەر دابڕا، ژمارەی"٥٠"کەسێک لەکۆی"٣١١"کەس ماینەوە، لەژێر ئەو حوکمە تا ساڵی ١٩٦٣ز. کاتێ لە٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ز. بەعسییەکان ئینقیلابیان لەسەر"عەبدولکەریم قاسم"کرد، ئێمە زۆر دڵتەنگ بووین، گوتمان ئەوجا ئیعدام دەکرێین، حکومەتی تازەی بەعس بە سەرۆکایەتی سەرۆک کۆمار"عەبدولسەلام محەمەد عارف" کەوتنە گفتوگۆ"مفاوەزات" لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول"مام جەلال و خوالێخۆشبوو ساڵح یوسفی و شاخەوان نامیق"، کورد هاتنە بەغدا بۆ گفتوگۆ، ئێمەش ناوی"٣١١"کەسەکەمان نووسی، بەڕێوەبەری بەندیخانەی نوگرە سەلمانمان بە"٥٠"پەنجا دینار بەکرێ گرت کە ئەو ناوانەمان بۆ بگەیەنێتە بەغدا. ئەو بڕە پارەیەش بۆ ئەوکاتی زۆربوو، ناوەکانی برد و رۆیشت، ، بەڵام ئێمە هەر بەڕێگای ئەو بروسکەیەکیشمان بەناوی"مام"لێدابوو بۆ بەغدا."مام جەلال"وەڵامی بروسکەکەی داوەو دەڵێت:"لە جەزائیر دەعوەتکراوین، بەڵام ناچم بۆ جەزائیر هەتا سجنی نوگرە سەلمان ئازاد نەکەم" ئێمە ماوەیەک ماینەوە، ئەمر بۆ سجن هاتبوو، بەڵام بەڕێوەبەری بەندیخانە رایگرتبوو، وەستاین مانمان گرت لەخواردن، لەوکاتی قایمقامی نوگرە سەلمان کورد بوو، هاتە ناومان و گوتی:"خراپە لەوکاتە ئێوە مانبگرن، حیسابێکی دیکەتان بۆ دەکەن، دوای"٣"رۆژ لەسەر ئامۆژگاری قایمقام ئیزرابەکەمان شکاند، پاش چەند رۆژێک، رادیۆمان کردبۆوە، دیتمان رادیۆ وا یەکە یەکە ناوەکانمان دەخوێنێتەوە، ناوی هەر"٣١١"کەسەکەی خوێندەوەو گوتی: ئازاد بکرێن بە مەرسوومی کۆماری بەبێ قەیدو شەرت، ئێمە ئازادکراین، هەرکەس گەڕاوە شوێنی خۆی، ئێمەش چەند کەسێک خەڵکی ناوشاربووین لەهەولێر ماینەوە، دەستمان بەکاری حیزبایەتی کردەوە، من دانرام بە لێپرسراوی جوتیارانی دەشتی هەولێر. چەند کادیرێکمان دیاریکرد، ئەوانیش بۆ دەشتی هەولێر، ناوی کادیرەکان ئەوانەی خوارەوەبوون:

١- لێپرسراوی یەکەم - حەسەن مستەفا
٢- جێگری لێپرسراو- ساڵح شێرە
٣- کادیر - ئەحمەد مەحموود
٤- کادیر - مەحموود سەلمان
٥- کادیر - عەلی حەسەن
٦- کادیر - مەلا بەهرام شێمحەمەد خاڵند
٧- کادیر - عەلی سۆر قازیخانە
٨- کادیر - مەلا حوسێن خەڵکی قەلەمان
٩- کادیر - مەلا محەمەد شێخ شەروان
١٠- کادیر - غەوسە یەسد خدر گردەسۆر
١١- کادیر - عەبدولرەحمان عەوێنەیی "ئەم برایە لەگەڵ رەحمان ئەحمەد سەلکە لەگوندی هێلەوە بەدیل دەگیرێن و دەکەونە دەستی جاشەکانی حەمەی سابیری و شەهیدیان دەکەن".
١٢- کادیر - شێخ محەمەد مستەفا بەحرکەیی لەگەڕەکی شۆڕش لەناو فرنی شەهیدکرا.
١٣- کادیر - حەمەدەمین گەلیاوەیی
١٤- کادیر - خدر، بە"خدری پلکە بەسی"ناسرابوو، ناوی باوکیم لەبیر نەماوە.
١٥- کادیر - قادر شۆڕش
١٦- کادیر - مەولود خدر، بە"مەولود رۆژباش"ناسرابوو.

ئەو کادیرانە هەر کەسەو چەند گوندێکی بۆ دیاریکرابوو، لەناویان دەسوڕانەوە، جوتیارەکان مانگانەی حیزبیان دەدا بەکادیر"ئابونە"یان پێدەگوت، مانگێ لە"١٠٠"فلس هەتا"٥٠"فلس بوو، هەر لەوکاتی یانی لەساڵی"١٩٦٣"بنکەیەکمان لەبناری چیای"قەرەچوغ"دانا. لێپرسراوی بنکە"تۆفیق عومەر"بوو، ناسراو بە"ئازاد"، بەڵام هەموو جوڵانەوەی پێشمەرگە لەدەست لقی دووی ناوچەی هەولێر بوو، لەوکاتی حەمەی حاجی تاهیر لێپرسراوی لقی دووی هەولێر بوو.

ئەندامانی لق و ناوچەش، ئەوانەی خوارەوەبوون:
١- محەمەد حاجی تایەر- لێپرسراوی یەکەم
٢- سەید مەجید سەید حوسێن - ئەندام ناوچە
٣- حەسەن مستەفا- ئەندام ناوچە
٤- ساڵح شێرە - ئەندام ناوچە
٥- تۆفیق عومەر- ئەندام ناوچە
٦- حەمەسوور- ئەندام ناوچە
٧- مەجید ئەحمەد ئاسنگەر- ئەندام ناوچە
٨- کەمال عەبدولقادر- ئەندام ناوچە
٩- میرزا عەبدولکەریم- ئەندام ناوچە
١٠- ئەحمەد شەریف- ئەوکاتی بووە بەرپرسی ناوچەی هەولێر لە رەسول بسکۆڵ.

ئێمە ئیشوکاری حیزبایەتی و عەسکەریشمان دەکرد، ئەوکاتی لەگەڵ حکومەتی بەعس گفتوگۆمان هەبوو، بەڵام پاش چەند مانگێک حکومەتی بەعس خۆی چەسپاندو کەوتە دژایەتی پارتە سیاسییەکان، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە ئەوکاتی لەکوردستان تاکە حیزبی چەکداری شۆڕشگێربوو، حیزبی شیوعی عێراقیش جموجۆڵێکی دەکرد، چونکە بەیانی حیزبی بەعس کە ئینقیلابی بەسەر"عەبدولکەریم قاسم"کرد، دەڵێ: ئیبادەی حیزبی شیوعی عێراق بکەن، بۆیە بەناچاری حیزبی شیوعیش دەستی دا چەک و هاتە ناو"پارتی"، ئیدی ئەوەبوو لەبەهاری ساڵی ١٩٦٣ز. رژێمی بەغدا هێرشی کردە سەر دانیشتوانی ناو شارەکان و بەکۆمەڵ خەڵکی دەگرت و رەوانەی بەندیخانەکانی خوارووی عێراقیان دەکردن، لەسەرتاسەری کوردستانیش ئەو گرتن و راوە دوونانە دەستپێکرد.

بەشی چوارەم
ئا/ بەدرخان

## گەندەڵچییەکان دەستیان گەیشتە ماڵی خودا!!

کازم عومەر دەباغ

رۆژی ٢٠٠٨/٧/١٧ لەگەڵ چەند هاوڕێیەک سەردانی گۆڕستانی"دەروێش خدر"م، کرد، لەناو شاری کۆیە.

ئەوەی شایەنی باسە مزگەوتێک لەساڵی ٢٠٠٦ لەناو ئەم گۆڕستانە کراوەو ملیۆنەها دیناری لێ خەرجکراوە، ئەم مزگەوتە بۆ مردوو شۆرین و نوێژکردن دروستکراوە. ماوەی ساڵێکە ئەم مزگەوتە تەواوبووە. کەچی ئێستا هەموو دەرگاو پەنجەرەو تانکی و بەلوعەکانیان تاڵانکردووەو دەرگاکانیان بە بلۆک گرتووە، بەڕاستی ئەم دیاردەیە زۆر ناشیرینە، بۆیە من لێرەوە بەم گەندەڵچییانە دەڵێم: لەخودا بترسن، باشە من لێرەدا بەرپرسیارییەتی ناخەمە ئەستۆی ئەم گەندەڵچییانە، بەڵکو لێپرسراوانی ئەمشارە بەرپرسیاری سەرەکین. نازانم ئەم بەرپرسانە چ پاساوێکیان هەیە بۆ نەپاراستنی ئەم شوێنە. باشە ئەگەر ئەم شوێنە شیاو نەبوو، بۆ ئەم هەموو ملیۆن دینارەتان بەفیرۆ خەرجکرد. ئەگەرنا بۆ نایپارێزن، وادەکەن گەندەڵچییەکان بەمشێوەیە وێرانی بکەن. بۆیە لێپرسراوانی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بەدواداچوون بکات لەسەر ئەم مەسەلەیە.

# کۆنترین ئایین... لە کۆنترین شـــار (هەولێر)

**دەرکەوت کۆنترین ئایین لە هەموو جیهاندا کە لە بەڵگە مێژوویی شوێنەوار ناسییەکانەوە بەدەست بکەوێ و زاناکان بیسەلمێنن، ئەوا ئەو ئایینە لەشاری (هەولێر- ئەربیل) و لە (٦٥ تا ٧٠ هەزار ساڵ پ. ز) لە (ئەشکەوتی شانەدەر) لەم (کوردستان)ـە، بووە.**



جۆرێک لە راوکردن

لەم پێشەکییە کورتەی کە باس لەمێژووی ئایینی کورد کرا، بینیمان کۆنترین ئایین (یان راستتر فیکرەی ئایین) زاناکان لە ئەنجامی خوێندنەوەی وردی ئێسکبەندەکانی ئەشکەوتی ناوداری کوردستان و سەر بەپارێزگای هەولێر ئەشکەوتی ""شانەدەر""ە، کە دەکەوێتە ناوچەی برادۆست، لە خوێندنەوەی ئەو ئێسکبەندانەوە بوو کە لە ئەشکەوتی ("شانەدەر") دۆزراوەتەوە. وەکو بینیمان، زاناکان بەڵگەیان لەبەدەست هێنانی فیکرەی ئایین لەم ئێسکبەندانە دوو خاڵە:

خاڵی یەکەم: ناشتنی بەکۆمەڵە.

خاڵی دووەم: جۆری ناشتنەکەیە بەشێوەی گرمۆڵە بوونی منداڵ لەنێو سکی دایکیدا.

ئەم دوو خاڵەش زۆر لێکدانەوە هەڵدەگرن: لەوەی کە لەخاڵی یەکەمدا لە بەکۆمەڵ ناشتنەکە بەدەست دێت، ئەوەیە کە وا دیارە وەک زاناکان دەڵێن: ئەو "شانەدەر"یانە بڕوایان بەزیندوو بوونەوە هەبووە، بۆیە بەکۆمەڵیان ناشتوون تا دواجار پێکەوەش زیندوو ببنەوە. خاڵی دووەم: شێوەی ناشتنەکەیە کە بەشێوەی منداڵی نێوسکی دایکی شاردراونەتەوە، لەمەش مەبەستیان ئەوەیە بڵێن: مرۆڤ کە دەمرێ دەگەڕێتەوە نێو سکی دایکی- نێو خاک- هەموو لایەکیش ئەوە دەزانن، کە زۆر لە زانایان (دایکە خوداوەند) بە یەکەمین خوداوەندی پەرستراوی مرۆڤ دەزانن، چ لەوەی کە مرۆڤ (پەرستراو) خوداوەندێکی پەرستووە، چ لەوەی دایکی پەرستووە. ئەمەش ئەگەر کۆنترین و سەرەتاییترین فیکرەی (ئایین) بێت، ئەوا ئەو فیکرەیە لای "شانەدەر"ییەکان بووە، کە "شانەدەر"ییەکانیش سەر بە شاری (هەولێر- ئەربیل)ن، دیارە ئەگەر ناشتنی ئێسکبەندەکان بۆ (٦٥) هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، ئەوا سەرەتای سەرهەڵدانی فیکرە ئایینییەکە زۆر بۆ پێش ئەو مێژووە، واتە پێش (٦٥) هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، چونکە دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە سەرهەڵدانی فیکرەی ئایین لە سەرەتا بەپێی حاڵ و باری مرۆڤ لەو رۆژگارەدا، سەرەتا زۆر سادە بووە و زۆر بەسادەیی و لەسەر خۆیش گۆڕاوە و پێشکەوتووە، چونکە ناشتنی مردووەکان، بەشێکی کەمی تەواوی فیکرە ئایینییەکە نیشاندەدات، بەڵام، بەشێکی پێگەیشتووە، بەشێوەیەک ئەمڕۆکەش، پاش ئەم هەموو گۆڕانەی کە بەسەر مرۆڤ و ئایینەکانی داهاتووە بڕوابوون بە زیندوو بوونەوە و مردوو ناشتن، لەزۆر لە ئایینەکان، بەتایبەت (ئایینە ئاسمانییەکان)، هەر هەمان بڕوا و ناشتنە. کە "شانەدەر"ییەکان مردوویان دەناشت، ئەگەر گوڵی سەر جەستەی "شانەدەر"ییەکانیش لەگەڵ کفنی ئێستای مردووی ئایینی ئیسلام بەراورد بکەین، ئەوا تای تەرازوو بەلای گوڵە رەنگاو رەنگ و بۆن خۆشە کێوییەکانی چیاکانی زاگرۆس و کوردستان و "شانەدەر"ە.

ئەو کەمە سەرەتایەی کە لەناشتنی "شانەدەر"ییەکان وەکو فیکرەی ئایین دێتە دەست، زۆر گرنگە، ئایینێک بەم شێوەیە مردووی خۆی بنێژێ، کەپاش هەفتا هەزار ساڵ، تازەترین ئایین و تەواوترین ئایین، هەر بەم شێوەیە مردوو بنێژن، ئەوا ئەم ئایینە نابێ بێ (خاوەن- خوداوەند) بوو بێ، واتە ئەو فیکرە ئایینییە خاوەنێکی هەبووە، بەدووری نازانم، کە ئەو خاوەنە (دایک) یان (زەوی) بووبێ، دیارە دایک و زەویش هێزیان لە (ئەفراندن) و (ژیاندن) واتە رۆزی دانی مرۆڤ دایە، کە ئەمە ئێستاش هەمان توانای خودایە کە (مرۆڤ)ی دروست کردووە و هەتا لە ژیانیش دابێ (رزقی) دەدات. لای کەم بە دیدە ئیسلامییە گشتییەکە.

ئەگەرچی ئێمە لێرە بەدوای مێژووی کۆنی فیکرەی (ئایین)دا دەگەڕێین لە (هەولێر) و کوردستاندا، ئەوا گرنگی ئەو ئایینە سەرەتاییەشمان بۆ روون دەبێتەوە، کە چەند لەگەڵ فیکرەی ئایینەکانی دەسەڵاتدار و بەربڵاوی ئەم سەردەمە وەک یەکن، ئەمەش چەند لەگەڵ رای لێکۆڵەر (فراس سواح) یەک دێتەوە کە دەڵێ: (گەیشتمە ئەو ئاکامەی ئایینەکان هەموو یەکسانن و یەک پلەی رەوایەتیان هەیە، ئایینی راستەقینە و ئایینی درۆینە نییە. هەروەها ئایینی سەرەتایی و ئایینی پێشکەوتووش بوونیان نییە) ئەوەتا هەمان رێورەسمی ناشتنی مردوو، لە کۆنترین ئایین کە بۆ (٧٠) هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، هەر ئەو رێورەسمی مردوو ناشتنەیە ئێستا تازەترین و پێشکەوتووترین ئایین دەیکات، بەم بەشێوە ناشتنی تاک تاک و راست.

ئەگەرچی ئێرە جێگای ئەوە نییە کە ورد و باریکی ناوەڕۆک و فەلسەفەی ئایینەکان بەراورد بکەین، بەڵام بەڵگەی ئەوەمان دەست دەکەوێ کە کۆنترین فیکرەی ئایین لە هەموو جیهاندا، ئەوەتا لە ئەشکەوتی ""شانەدەر"" و شاری "هەولێر" و وڵاتی "کوردستان" سەری هەڵداوە.

ئەوەش دەمانخاتە بەردەم ئەو مێژووە دوور و درێژ و هەمە جۆرەی ئایین لەشاری هەولێر و وڵاتی کوردستان، ئەم ئەرکەش ئێستا ئێرە جێگای نییە، بەڵام زەنگی ئەوەمان بۆ لێدەدات کە ئەو سەرەتایە مانای ئەوەیە کە ئایین بەردەوام و بەشێوەی جۆراو جۆر و بەگەرمی ودەوڵەمەندی لەم ناوچەیە (هەولێر) و (دەوروبەری) وەک هەموو (کوردستان) و هەموو (جیهان) لە کۆمەڵگا دانەبڕاوە و بەشێک بووە لە پێکهاتەی فیکری و رووحی هەر کۆمەڵگایەک.

هەولێر بەو مێژووەی کە لە "شانەدەر"ەوە هەیەتی بۆ ئایین، ئەو هەرخۆشی وەک شار مێژووەکەی بە ئایینەوە دەست پێدەکات، چونکە زۆربەی شارەزایانی مێژوو دروستکردنی شاری هەولێر، دروستکردنەکەی هەر لە سەرەتاوە بۆ دروستکردنێکی ئایینی دەگێڕنەوە، واتە لە سەرەتاوە وەک نێوەندێکی ئایینی دروست کراوە، ئەوەش بۆ زیاتر لە شەش هەزار ساڵ هەندێک بۆ هەشت هەزار ساڵ پێش زایینی دەگەڕێننەوە کە بەزۆرترین بەڵگەش، شاری هەولێر شارێکی دروستکراوی سۆمەرییەکانە پێش ئەوەی بچنە خوارەوەی عێراق، هەتا ناوەکەشی هەر لە سەرەتاوە وەک ناوێکی ئایینی مانا لێکدەدرێتەوە، ئوربل- ئور= شار، پەرستگا. بل= خوداوەندی زەمین. واتە شاری خوداوەندی زەمین. پەرستگای خوداوەندی زەمین، ئەوە کە بەزۆر ئەگەر ناوەکە سۆمەرییە، هەن ناوەکەی بۆ زمانی خوری دەگێڕنەوە، هەتا ئەگەر ئەمەش راست بێ، ئەوا دیسان ناوە خورییەکەش مانایەکی ئایینی هەیە (بگەڕێوە بۆ هەولێر- ئەربیل.. ناو و مێژوو). لە مێژوودا ئەوەش سەلمێندراوە کە (هەولێر- ئەربیل) لە هەموو سەردەمەکان بەتایبەت پێش زایین هەتا هاتنی ئایینی ئیسلام بەردەوام نێوەندێکی گرنگی ئایینەیەک بەدوای یەکەکان بووە. لەدوای هاتنی ئیسلامیش دەستی لەم رۆڵە بەرنەداوە و شاری ئاوەدان و پێکەوە ژیانی ئایینە جیا جیاکان و ئایینزایە جیا جیایەکان بووە و تا ئەمڕۆکەش ئەم هەمەڕەنگییەی ئایینی پێوە دیارە.

دروستکردنی شاری هەولێر بە پشتیوانی زۆربەی بەڵگەکان بۆ سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە، پێش ئەوە بچنە خوارەوە، هەر لە سەرەتاش وەک شارێکی ئایینی واتە وەک پەرستگایەکی گەورە و سەرەکی ئەو ئایین و خوداوەندانەی کە سۆمەرییەکان بڕوایان پێیان هەبووە و پەرستوویانن، چونکە ئەوە ئاشکرایە سۆمەرییەکان (خوداوەند) گەلێکی زۆریان هەبووە و هەر خوداوەندەش خوداوەندی کارێکی تایبەت بووە. ئەگەر هەولێر ئەربیلیش بەناوی شاری خوداوەندی -بل- ناونراوە، ئەوا دیارە لەو کاتەدا ئەو خوداوەندە لەوانی تر مەزنتر بووە بە دیدی ئەوکاتەی سۆمەرییەکان. بۆیە نابێ ئەوە بەدوور بزانین کە هەر لەو کاتەی کە خوداوەندی (بل) لە هەولێر وەک خوداوەندێکی مەزن پەرستراوە، ئەوا هەر لەم کات و شوێنەش لەتەک (بل)ی خوداوەند، خوداوەندی تر بووبن و پەرسترابن.

عەشتار خوداوەندی کۆن و ناوداری سۆمەری کە لەداستانی (دەمووزو عەشتار) سۆمەریدا پاڵەوانی دیار و بەرچاوی داستانەکەن، ئەگەرچی زۆرترین هەواڵی ئەم خوداوەندە لە سەردەمی ئاشوورییەکانەوە بەدەست گەیشتووە، بەڵام مێژووی کۆنییەکەی بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان و بە ئیحتمالێکی زۆریش بۆ سۆمەرییەکانی پێش چوونە خوارەوەی عیراق دەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر سەیری (جوگرافیا)ی رووداوەکانی داستانی (دەمووز و عەشتار) بکەین، ئەوا بە ئاشکرا ئەو جوگرافیایە شاخاوییە و کوردستانە، چونکە چوونە خوارەوەی سۆمەرییەکان لە کوردستانەوەیە و ئەمەش لە هەموو لایەکەوە پشتراست کراوەتەوە. ئەگەر سەرنج بدەین هەولێر – ئەربیل- شاری (عەشتار) بوو، لەتەک شاری (بابل) و (عەشتار بابل) لێرە زەن بۆ ئەوە دەچێ کە (ئەربیل) پێش دەسەڵاتی ئاشوورییەکان هەر شاری خوداوەندی عەشتار بووە، وەک ئەوەی کە ئاشوورییەکان زۆر شتیان لە سۆمەرییەکانەوە وەرگرتووە، ئەم ئایین و پەرستگایەش واتە (هەولێری عەشتار)یان هەر لەوانەوە بۆ بە میرات ماوەتەوە، جگە لەوەش ئەگەر سەرنجی مێژوو دەدەین، ئەو ناوبانگەی کە عەشتار لە هەولێر و بابل واتە باکوور (کوردستان) هەیەتی لە خوارووی سۆمەری نییەتی. ئەگەر عەشتار ناوی بە (هەولێر- ئەربیل)ەوە نووساوە، ئەمەرێ لەوە ناگرێ کە هەولێر وەک شارێکی ئایینی پەرستگای خوداوەندی تریش بووبێ، لەتەک خوداوەندی عەشتار، چونکە ئەگەر عەشتار خوداوەندی خۆشەویستی و جەنگ بووە، ئەوا خوداوەندەکانی تریش پێویست بووین، وەک سەرنج دەدەین لە سەردەمی سەنحاریب و بەتایبەت لەکاتی راکێشانی ئاو بۆ ئەو قەڵایە، واتە قەڵای هەولێر، لەبەردەنووسی پرۆژەکە (سەنحاریب) ناوی چوار خوداوەندی هێناوە. واتە زیاتر لە خوداوەندێک لەم شارەو لەو سەردەمدا پەرستراون. هەر ئەم چوار خوداوەندەش وێکچوونێکی لەفزی لەنێوان ئەربیل (ئەربائیلۆ)دا دروستکردووە، کە ئەم زۆر خوداوەندیەش بۆ زەمەنەکانی تریش هەر راستە! سەیر دەکەین (مەردۆخ)ی خوداوەند، دەسەڵاتی پەنجا خوداوەند بۆ خۆی بەردەست دەکات و هێز و تواناکان لەو پەنجا خوداوەندە دەستێنێتەوە و ناوەکانیشیان هەر بۆ خۆی بەکاردێنێ و بۆیە ئەو خوداوەندە زیاتر لە پەنجا ناوی هەبوو. مێژووی شاری هەولێر یارمەتیدەری ئەو رایەیە کە بەردەوام شار و پەرستگای زۆر خوداوەند بووە، وەک ئێستاش شاری زۆر ئایین و ئاینزایە. ئەویش رێگا لەوە ناگرێ کە لەو سەردەمە جیا جیایانەدا خوداوەندی دەسەڵاتدار و ئایینی گەورەتر هەبووبن وەک ئەوەی کە ئێستا زۆرینەی خەڵکەکە موسڵمانن.

ئەگەر شاری هەولێر لە سەرەتاوە وەک شار و پەرستگایەکی ئایینی دروست کرا، ئەوا بەردەوامیش نێوەندێکی دەسەڵاتدار و پیرۆزی ئایینە جۆر بەجۆرەکان بووە.

هەر لە ناوچەکانی شاری هەولێر، واتە لە ئەشکەوتی ""شانەدەر"" و ناوچەی "برادۆست" هەواڵی سەرەتای ئایین و قۆناغێکی کۆن و گرنگی ئایین لەناوچەکەمان پێدەگات، کە هەواڵەکە بۆ (٦٥-٧٠) هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، ئەگەر ئەو قۆناغی ئایین ناو لێبنێین، قۆناغی (ئایینی ئەشکەوت) ئەوا دەبێ، بڕوا بەوەش بێنین کە پێش ئەم قۆناغە، قۆناغی ئایینی (راو) هەبووە، بۆیە ئێمە پێمان باشە قۆناغەکان بەم شێوەیەی خوارەوە ریزبەند بکەین:

یەکەم: قۆناغی ئایینی راو. (دارستانەکانی کوردستان) لە سەرەتاوە تا ئەوکاتەی مرۆڤ پەنا دەباتە بەر ئەشکەوت واتە تا دەوروبەری ١٠٠ هەزار ساڵ پ.ز.

دووەم: قۆناغی ئایینی ئەشکەوت، (ئەشکەوتی "شانەدەر") واتە لە ١٠٠ هەزار ساڵ پ.ز، تا دروست بوونی گوند دەوری ١٢ هەزار ساڵ پ.ز.

سێیەم: قۆناغی ئایینی گوند (زەویا چەمێ). ئەم قۆناغەش سەرەتای قۆناغی دوو بەشە:

بەشی یەکەم: ئایینی مەڕداری یان شوانکارەیی، کە ریشەکەی بۆ سەردەمی ئایینی راو دەگەڕێتەوە.

بەشی دووەم: ئایینی کشتوکاڵ، کە ریشەکەی بۆ سەردەمی درەنگی قۆناغی ئەشکەوت ١٢هەزار ساڵ پ. ز، دەست پێدەکات تا دروستکردنی شار نێوان ٨و ٩ هەزار ساڵ پێش زایینە.

چوارەم: قۆناغی ئایینی شارە شاری هەولێر -ئەربیل- ئەم قۆناغەش لە نێوان ٨ و ٦ هەزار ساڵ پ.ز)ەوە تا ئەمڕۆ.

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم دابەشکردنە بدەین دەبینین ئەم دابەشکردنە بۆ هەموو جیهان دەگونجێ، بەڵام لێرە لەسەر جوگرافیای (کوردستان- شاری هەولێر) جێ بەجێ کراوە. لەم دابەشکردنە دەردەکەوێ، کە لە هەر قۆناغێک (مرۆڤ) بەپێی تێگەیشتن و پێویستییەکانی خۆی کە زۆرتر لە (ترس و پێویستی- خواردن)دا خۆی دەنوێنێ، بۆیە لەهەر قۆناغێک بەدوای ئەو خوداوەندەدا گەڕاوە کە پێویستی پێی بووە، هەتا ژیانیش پێش کەوتووە و گۆڕاوە و پێویستییەکانی مرۆڤ زۆرتر بووین، ژمارەی خوداوەندەکانیش زیادی کردووە، بۆیە ئەو ژمارە خوداوەندەی لە سەردەمی شار دەستمان دەکەوێ، نابێ لە سەردەمی راوکردندا بەدوای ئەو ژمارە زۆرە لە خوداوەندا دابگەڕێین. دیارەکە ژمارەی خوداوەندەکانیش زۆر دەبن، دەسەڵاتی خوداوەندەکانیش بەپێی پێویستیان لەنێو کۆمەڵدا دەگۆڕێ و دواجار خوداوەندی گەورە و بچووک پەیدا دەبن و لە ئەنجامدا باوەڕی ئایینی جیا جیا پەیدا دەبن و دەکەونە ململانێ و دەسەڵات تێکەڵ ئایین دەبێ و (خوداوەند و پاشا) دەبن بەیەک و لەیەک جیا دەبنەوە و تێکەڵ ئایدۆلۆژیا دەبن، هەتا دواجار لە ئایینە ئاسمانییەکان ناسینی خودای تاک و تەنیا و کۆبوونەوەی هەموو هێزەکان لەم تەنیا یەک خودایەدا بەرجەستە دەبێ.

فەلسەفەی ئایینەکان و سروت و خوداوەندەکانیان چ لەشاری هەولێر و چ لە کوردستان کارێکی زۆری دەوێ و ئێرە جێگای ئەم باس و لێکۆڵینەوە نییە! ئەوەی بۆ ئێمە و بۆ ئێرە گرنگە هەولێر بەردەوام نێوەندێکی پیرۆز دەسەڵاتداری ئایینە جیا جیاکان بووە و هەر هێزێک و هەر هۆزێک هەر میللەتێک حوکمی شاری هەولێری کردبێ، ئایینی خۆشی لەم شارە برەوپێداوە، جا چ ئەو دەسەڵاتە ئایینەکەی پێشە خۆی قبوولکردبێ و خوداوەندەکانی پەرست بێ، چ ئایینی خۆی لەگەڵ خۆی هێنابێ. سەیر دەکەین (سۆمەر)یەکان و (گوتی) و (خوری) و (ئاشووری) و (میدی) و (هەخامەنشی و (ساسانی)ییەکان هەتا هاتنی ئایینی ئیسلام، هەموویان بە شێوەیەکی گشتی کە دەسەڵاتیان لەشاری هەولێر بەدەست بووە، ئایینی خۆشیان لەم شارە برەو پێداوە، بۆیە دەبینین لەم شارەدا لە سەردەمی (سۆمەر)یەکان خوداوەندە جۆراو جۆرەکان پەرستراون، لە سەردەمی خورییەکان میهرپەرستی -رۆژپەرستن باو بووە، لە سەردەمی میدی و هەخامەنشینەکان ئایینی زەردەشتی و لەسەردەمی ساسانی لە هەولێر بەزۆری ئایینی (مەسیحی) و هەروەها جووزەردەشتیش هەبووە. لەدوای هاتنی ئایینی ئیسلام، موسڵمانەتی لەم شارە باڵادەست بووە، بەبێ ئەوەی ئایینەکانی تر بەتایبەت (جو) و (مەسیحیەت) لەم شارە لەنێو بچن. ئەم رەوشە زۆر ئایینە تا ئێستاش بەردەوامە، ئەگەر رۆژگاری پەرستگای خوداوەندی جۆراوجۆر لەشاری هەولێر، بەتایبەت لەنێو قەڵاکەی دراوسێی یەکتر بوون، ئەوا دواتر پەرستگای ئایینە ئاسمانییەکانیش، ئەوانیش لەم شارە دراوسێ و روو لەیەک بوون، بۆیە ئەم بارە ئایینییە رێگا خۆشکەر بووە، بۆ ئەوەی هاووڵاتی شاری هەولێر. ئەگەر لەسەر هەر ئایینێک بێ و بچێتە هەر پەرستگایەک، ئەوا پەیڕەوانی ئایینەکانی تر ببێنی کە وەکو ئەو ئەوانیش دەچنە پەرستگای خۆیان، هەر ئەم زۆر ئایینی و ئایین گۆڕییەیە کەوای کردووە، لەشاری هەولێر، پەرستگا ببێتە کەنیسە و کەنیسە ببێتە مزگەوت.



د. مەولود ئیبراهیم حەسەن - ٢٠٠٨

ئەگەر کەنیسە و مزگەوت و پەرستگاکان تێکڵ یەکتر بووین، ئەوا کەسایەتییە ئایینیەکانیشی لەنێوان ئایینە جیا جیاکاندا تێکەڵ دەبن و هەر ئایینە بەهی خۆی دەزانێ، بۆ نموونە: (یەزداندۆخت) پاکیزەی مەسیحییەکان، کەخۆی هەر لە ناوەکەیدا رەگێکی زەردەشتی پێوە دیارە لەشاری هەولێر، مەسیحییەکانی هەولێر بە مەسیحی دەزانن و وەک مەزارێکی پیرۆزی خۆیان سەردانی دەکەن، مێژووەکە دەگەڕێتەوە سەردەمی ساسانییەکان، کەچی موسڵمانەکان وەک گۆڕی (ستی ئیمام) ناوی لێ دەنێن و دەچنە سەرگۆڕی و مرازی لێ دەخوازن، ئەویش دیارە کە زەمەنەکەی پاش هاتنی ئیسلامە، نموونەیەکی تر، مەزارگەی شێخ وسو رەحمان- رەبەن بۆیا) لەشاری شەقڵاوە، ئەم مەزارە بۆ خۆی لە ئەشکەوتێکی بناری سەفینە و لای پەیڕەوانی هەردوو ئایین. واتە موسڵمان و مەسیحییەکان پیرۆزە و زیارەتی دەکەن و مرازی لێ دەخوازن و هەریەکەش بە پیاوێکی باوەڕداری ئایینەکەی خۆی دەزانێ، مەسیحییەکان بە (قەشە رەبەن بویا) ناوی دەبەن و مێژووەکەی بۆ رۆژگاری سەدەی پێنجەمی زایینی دەگێڕنەوە بەقسەی زانای کورد (تۆفیق وەهبی) هەرچی (شێخ وسو رەحمان)ە، زەمەنەکەی دەگێڕنەوە بۆ سەرەتای دەسەڵاتی عوسمانلییەکان لە کوردستان.

ئێستای شاری هەولێر لەڕووی ئایینییەوە، واقیعێکی دەوڵەمەندە بە ئایین و ئایینزا، ئەگەر زۆرینەی خەڵکی پارێزگای هەولێر موسڵمانن، ئەوا زۆرینەی ئەو موسڵمانانەش سونی مەزهەبن و کەمێکی کەمی شیعە مەزهەبیشی تێدایە، ئەگەر سونی مەزهەبەکان زۆرینەن، ئەوا لەنێو ئەوانیشدا رێبازی سۆفیگەری (قادری) و (نەقشەبەندی)یش هەیە، جگە لەوردە ئایینزای تر کە خۆیان بەخاوەنی ئایینزای تایبەت دەزانن. هەروەها مەسیحییەکانیش خاوەنی ئایینزای جیاجیان کە بریتین لە پەیڕەوانی کەنیسەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا و چەند ئایینزایەکی تێدایە وەکو (کاسۆلیک و ئەرثەدۆکسی و پرۆتستان)ن.

دیسان کەمینەیەکی جو بنەجووی تێدایە و سەرەڕای هەندێک لە پەیڕەوانی ئایینی ئێزدی و کاکەیی کە هەموو ئەمانە، بە ئازادی و بەتەبایی خەریکی ژیان و خوداپەرستی خۆیانن.

مێژووی ئایین و جۆری ئایینەکان لەشاری هەولێر بەمەندە کۆتایی نایێ، پێویستی بە لێکۆڵینەوە و گەڕانی زۆر هەیە، بۆ ئەوەی هەموو باوەڕ و ئایینییەکانی هەموو سەردەمەکان بەسەر بکەینەوە، ئەمەی نووسراوە کورتەیەکی کەمی مێژوویەکی دوور و درێژ و زۆر و هەمەجۆری ئایینەکانە لەم شارە دێرینەدا، هێندە هەیە کە دەرکەوت کۆنترین ئایین لە هەموو جیهاندا کە لە بەڵگە مێژوویی و شوێنەوارناسییەکانەوە بەدەست بکەوێ و زاناکان بیسەلمێنن، ئەوا ئەو ئایینە لەشاری هەولێر- ئەربیل- و لە ٦٥ تا ٧٠ هەزار ساڵ پێش زایین لە ئەشکەوتی "شانەدەر" لەم کوردستانە بووە.

**بەشی دووەم و کۆتایی**



جووتکردن: لە سەردەمی میدییەکان



شوانێک مامزێکی بەملەوەیە

## هونەرمەند حەسەن غەفوور دوای ژینگە حەزدەکا گۆرانی بۆ منداڵی کورد بڵێ

# بەناوی من لە وەزارەتی رۆشنبیری پارە وەرگیراوەو منیش نەمدیوە!!


حەسەن غەفور

**هونەرمەند حەسەن غەفوور یەکێکە لەو هونەرمەندانەی جیاواز لە هونەرمەندانی تر بەردەوام حەزدەکا گۆرانی بۆ بابەتی کۆمەڵایەتی و خزمەت کردن بە گەل و تاکی کورد بڵێ، حەسەن دوای ئەوەی گۆرانی بۆ دوعا گوت و گۆرانییەکیشی بۆ یانەی وەرزشی هەولێر گوت و ئێستاش خەریکە گۆرانییەک بۆ ژینگە بڵێ، لە دەرفەتێکدا ئەو هەڤپەیڤینەمان لەگەڵی سازدا.**

**ئا: هونەری بەدرخان**

*** ئەو ستایلانەی ئەمڕۆ تێکەڵی هونەری کوردی بوونە تا چەند رات لەسەریانە؟**

– خۆی مۆسیقای کوردی بنەمایەکی فۆلکلۆرە و مۆسیقای فۆلکلۆریش هەر بە فۆلکلۆری دەمێنێتەوە، ئەمڕۆش ئەگەر مۆسیقای فۆلکلۆر لێبدەی هەر دەبێ بە ئامێری فۆلکلۆری لێیبدەی ئەوە شێوازێکی تایبەتە، بەڵام مۆسیقا ئەورۆکە لەو پێشکەوتنەی کە هەیە زۆر گرنگە ئێمەش لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە دابین، لەبەر ئەوەی ئێمە لەهیچ لەوڵاتانی تری دونیا کەمتر نین، چونکە ئێستا ئێمە کە سوود لە tv و مۆبایل و کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت وەردەگرین، ئەوانە هیچی کوردی نین، لەبەر ئەوە ئەگەر مۆسیقایەکی تریش بێتە ناو مۆسیقای کوردییەوە، ئەگەر ئێمە بتوانین ئەو مۆسیقایە بەکاربێنین شتێکی باشە.

*** کەواتە تۆش لە گۆرانییەکانت ستایلی نوێ و جیهانیت بەکارهێناوە؟**

– ئەی چۆن، گۆرانی سەمام بە دوو شێوازی نوێ کرد، یەکیان (RMB) و ئەویتریان ڕێگەتۆن، یانی ئەو دوو شێوازە هەردووکیان هەر نوێن لەناو مۆسیقای کوردی.

*** پێت وایە ئەو ستایلانەی ئەمڕۆ وایان کردووە گەنجی کورد گوێ لە گۆرانی عەرەبی وتورکی و فارسی نەگرێ؟**

– بە شێوەیەکی بەرچاو نا، بەڵام ئەو تازەگەرییە وای کردووە کە ئەوانەی حەزیان لەگۆرانی تورکی و عەرەبی و فارسی و ئەوانەیە گوێ لە کوردیش بگرن، ئیتر نازانم کارێکی ئیجابیە یان سلبیە، ئەوە رۆژگار و کەسانی پسپۆڕ دەتوانن هەڵیسەنگێنن کە ئایا ئەو کارە باشە یان خراپە.

*** وەک زۆربەی هونەرمەندانی تر گلەیی تۆ لە وەزارەتی رۆشنبیری و راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەت چییە؟**

– من تا ئەمڕۆکە هاوکاری نەکراوم.

*** بۆچی؟**

– هۆکارەکەی دەبێ خۆیان بیزانن، پێموابێ من هاوکاری کراوم وەک لایەنی پارە، بەڵام کەسانی تر پارەکەیان خواردووە.

وەکو یارمەتیش ئەگەر تەلەفزیۆنەکان بەرهەمی هونەرمەندەکان بکڕن و سیدییەکانیشمان کۆپی نەکرێت و یاسایەک هەبێ بۆ پاراستنی مافمان، ئەوا نەک من بەڵکو هیچ هونەرمەندێک پێویستی بە دەزگا حکومییەکان نامێنێ، ئەگەر ئەوکارەش نەکرێت و کەسیش یارمەتی من نەدات، هەرگیز گلەیی لەکەس ناکەم و لەکاری خۆشم بەردەوام دەبم و هەوڵدەدەم کارەکانی خۆم ئەنجام بدەم.

داواش لە وەزارەتی رۆشنبیری دەکەم، ئەو هاوکارییانەی کە ئەیدەن بە هونەرمەندان، با بەشێوەیەکی راستەقینەبێ، ئەوە لە هەموو دنیادا هەیە، بۆ نموونە لە سوید ئەوە وایە و تۆ بەرهەمەکەت ئەخەیتە سەر پێنج سیدی و ئەیدەیتە لیژنە کە پێنج لیژنەنە، ئەشبێ بنووسی بۆ ئەو بەرهەمەت تۆمار کردووە، دواتر لیژنەکە بڕیار ئەدا کە هاوکاری بکرێ یان نا،

بەڵام لێرە پڕۆسەکە هەڵەیە، چونکە تۆ ئەبێ بچی وەزیر ببینی و ئیمزات بۆ بکا، ئەوە پێویست ناکا، لەبەر ئەوەی وەزیر نازانێ ئەو گۆرانییە باشە یان خراپە، چونکە وەزیر لە هونەری گۆرانی و مۆسیقا نازانێ، لەبەرئەوە کاری ئەو ئەوە نییە.

*** ئەوە وەک وەزارەت، ئەی راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەت چەند هاوکاری کردووی؟**

– بەراستی ئەوە پرسیارێکی زۆر زۆر زەحمەتە، من لەنزیکەوە ئاگاداری ئەوەنیم، بەڵام پشکی ئەو هاوکارییەم بەرنەکەوتووە، چونکە خۆم داوام نەکردووە.

*** ئەی بەنیاز نی داوای بکەی؟**

– نەخێر.. بەنیاز نیم داوای هاوکاری بکەم، بۆ پارە و سیدی، چونکە من گۆرانی و سیدییەکانی خۆم لەسەر ئەرکی خۆم تۆماریان دەکەم و خۆشم دابەشکردنەکان دەکەم و بەشێکی زۆری ئاوازەکانیش هەر خۆم دایدەنێم.

*** یانی دەتەوێ وەک زۆربەی هونەرمەندان بڵێی بە ئەنجام گەیاندنی کاری هونەری کاری راوێژکارێک نییە لە ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵکو ئەوە کاری وەزارەتی رۆشنبیرییە؟**

– خۆی من سیستەمەکەی ئێرە نازانم و ئاگاداریش نیم، بەڵام لە سوید لە وەزارەتی رۆشنبیری ئەو کارانە دەکرێ.

*** جیاواز لە هونەرمەندانی تر تۆ گۆرانی بۆ دوعا و وەرزش و ژینگە دەڵێی، چ هۆکارێک لە پشت ئەوەوەیە؟**

– هۆکارەکەکە زیاتر لە گۆرانییەکەی بەسەر دوعایا دروست بوو، ئەو وایکرد هەندێ بیرۆکەم لەلا دروست بێ کەمن ئەتوانم سوودم هەبێ بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و ئەو کارانەش بە ئەرکێکی سەرشانی خۆم دەزانم.

*** پێت وانییە بۆشاییەک هەیە لەو جۆرە گۆرانیانە؟**

– بەڵێ، من لێرەوە هانی هەموو گۆرانی بێژان دەدەم کە گۆرانی لەو جۆرانە بڵێن، چونکە گۆرانییەک بە تەنها بۆ بابەتێک کەمە، بەراستی دەبێ هەموو هونەرمەندێک لەلای خۆیەوە، نەک گۆرانییەک بەڵکو بیست گۆرانی لەسەر ژینگە بڵێ، منیش پشتگیریان لێ دەکەم.

*** شاعیرەکانیش هۆکارێک نین بۆ دروست بوونی ئەو بۆشاییەی کە باسی دەکەین؟**

– بەراستی من نازانم ئایا شاعیرەکان شیعریان لەسەر ژینگە نووسیوە یان نا، بەڵام داوایان لێ دەکەم بە شیعر گرینگی بە ژینگە و دیمەنی سروشتی کوردستان بدەن.

*** حەزدەکەی هونەرەکەت پشکی بازرگانی بەرکەوێ، یان لات ئاساییە سیدییەکانت کۆپی بکرێ؟**

– نەخێر.. حەتمەن لەلام ئاسایی نییە سیدییەکانم کۆپی بکرێ، چونکە کۆمپانیایەک کە سیدییەکە لەمن دەکرێ، نابێ ئەو کۆمپانیایە زەرەر بکات و دوکانەکان بەکەیفی خۆیان سیدیەکە کۆپی بکەن و کۆکتێل دروست بکەن.

*** لە ژیانی ئاساییتدا هێمن دیاری و لە کلیپەکانیش بزۆک، سروشتی خۆت کامەیانە؟**

– من خۆم مرۆڤێکی هێمنم، بەڵام لە کلیپدا گۆرانییەکە داوام لێدەکا کەچۆن بم و هەوڵیشدەدەم لە گۆرانیەکە بەشێوەیەکی راستەقینە دەربکەوم.

*** ئەی لە کلیپەکانت چەند هەوڵتداوە هێڵی سوور ببەزێنی؟**

– خۆی هەندێ ئیلتیزاماتی ئەخلاقی نەتەوەکەمان هەیە کە دەبێ چاودێری بکەین و من بۆ خۆم ئەو سنوورانەم داناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک سنووری بچووکم شکاندووە کە لە مەسەلەی دانس و کچ و کورا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام دەستخۆشی لەهەموو هونەرمەندێک دەکەم کە بتوانێ سنوور بشکێنێ.

*** لە دوای پرۆژەی گۆرانی گوتن بۆ ژینگە، بە نیازی گۆرانی بۆ چیتر بڵێی؟**

– حەزدەکەم گۆرانی بۆ مناڵ و هاوڕێ بڵێم، بەڵام ئەوانە تا ئێستا هەر بیرۆکەن.

*** ژیانی مناڵیت چۆن بووە؟**

– بە حوکمی ئەوەی مناڵی بچووکی ماڵ بووم، لە کارکردن و شتی وا دوور بووم، لەماڵەوە هەر هانیان دەدام تا خوێندن تەواو بکەم، بۆیەش نەیانووسیتووە کاربکەم، لەوانەشە خۆم حەزم لە کارکردن بووبێت.

*** بەنیاز نی بەیەکجاری بگەڕێیەوە کوردستان؟**

– مرۆڤ لەهەر شوێنێک ئیشی بۆ رەخسا، دەتوانێ لەوێ کاربکا، بۆیە جارێ من لە سویدم.

*** بەدرخان چۆن دەبینی؟**

– من لە سویدیش ناوی بەدرخانم بیستووە، هەستدەکەم شتێکی نوێ و جیاوازە لە بڵاوکراوەکانی تر و زۆریش سەرنج راکێشە، لێرەوەش پێتان دەڵێم هەر رەخنەیەکی زانستی و بنەمادارتان لەسەر من هەبوو ئەوا ئازادن لەلای منەوە بیخەنە روو، سوپاسیشتان دەکەم.

# نازدار بە نازداری بۆ بەدرخان دەدوێ: حەزدەکەم بەهونەرەکەم دەربکەوم، نەوەکو بە شتی شەخسی!


نازدار

**نازدار لە ساڵی ١٩٨٧ لە باکووری کوردستان لە باژێری جزیرا بۆتان هاتۆتە دونیا و لەساڵی ١٩٩٣ بەهۆی کێشەی سیاسییەوە لەگەڵ خانەوادەکەیدا بەرەو ئەڵمانیا کۆچ دەکەن و تا ئێستاش لەوێ نیشتەجێن. نازدار کچێکی رووخۆش و بەردەوام دەم بەخەندەیە، لە ئێوارەیەکدا لەناو شاری قەڵا و منارە، ئەو کچە کوردەمان هێنایە دوان.**

**ئا: مەسعوود ئیبراهیم مەلا هەمزە**

*** کەی دەستت بەکاری هونەری کرد؟**

– لەساڵی ١٩٩٣ بۆ یەکەم جار لەگەڵ هونەرمەند سەیدخان دەرکەوتم، گۆرانیم گوت لە میهرەجانی میوزیکی کوردستان، پاشان لەگەڵ گروپی مۆسیقای گۆڤەندی فۆلکلۆری بەشدار بووم و چەند ساڵ وەک میوان بەشداریم کرد، پاشانیش لەچەند کۆنسێرت و ئاهەنگێک بەشدار بووم، هەروەها من لە شانۆش بەشداریم کردووە و رۆڵی کچە بچووکی ماڵم بینیوە، لەگەڵ ئەوەش بەرە بەرە لە خوێندنی خۆشم بەردەوام بوویمە و دبلۆمیشم لە هەڵپەڕکێ و شایی بەدەست هێنایە و فێری (١٠) هەڵپەڕکێی هەرێمی کوردستان بوومە.

*** کاریگەری باوکت لەسەر تۆ چییە؟**

– بەراستی باوکم زۆر پشتگیرمە، باوکم بەخۆی گۆرانیبێژە، زۆربەی ئاواز و هۆنراوەی گۆرانییەکانی من هی ئەوە، جگە لەمن بەرهەمی داوەتە چەند گۆرانی بێژێکیش، هەروەها ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێ باوکم لێکۆڵینەوە لەسەر هونەری جزیر و بۆتان دەکا و مامۆستای شایی و هەڵپەڕکێی باژێری جزیریشە.

*** تۆ لەنێوان گۆرانی گوتن و کاری شانۆیی و مامۆستای منالان و هەڵپەڕکێدا چۆن ئەو هاوسەنگییە رادەگری؟**

– بەراستی من وامە دەبێ هەردەم کاربکەم، وەک لە کوردی هەیە دەڵێ (هەتا مرنێ، کرنێ)، ئەو پەندە لای من زۆر جێگای خۆی گرتییە.

*** تۆ بیرت لەوە نەکردۆتەوە لە باشووری کوردستان خول بۆ پەروەردەی منداڵ بکەیەوە؟**

– بەرێ وەڵا، زۆر بیرم لەوە کردۆتەوە، بەڵام ئێستا بۆ ریکلام و بڵاوکردنەوەی سیدییەکەم و ئەنجامدانی چەند دیدارێکی رۆژنامەوانی هاتوومەتەوە، بەڵام لە داهاتوو دەخوازم ئەوەی خۆم فێری بوویمە لەسەر پەروەردەی منداڵ، هەندێکی لە کوردستان بڵاوبکەمەوە و کەس و کاری منداڵەکان لە مافەکانیان تێبگەینم.

*** هیچ پاڵنەرێکی سیاسی لەپشت ئەوەبوو گۆرانی بڵێی؟**

– بەڵێ. بنکەی سەرەکی من لە سیاسەت دەستی پێکرد، تۆ ئەگەر هونەرمەندی کورد بی ناکرێ لە سیاسەت جیابی، من بەخۆم بە گۆرانی شۆڕشگێڕی و گۆرانی گۆتن لەسەر شەهیدان دەستم پێکردیە، هەروەها چوونی ئێمە بۆ ئەڵمانیاش هەر لەسەر سیاسەت بوو، ئێمە لە جزیرێ مەجبوور بووین بڕۆین لەسەر کوردایەتی، لەبەر ئەوەی ژیانی ئێمە لە لایەنی ماددی زۆر باش بوو، بەڵام سیاسەت وای لێکردین کوردستان جێ بهێڵین.

*** چەند گۆرانی فۆلکلۆری دەڵێیەوە؟**

– من خۆم بە گۆرانی فۆلکلۆری دەستم پێکردیە و دەریش کەوتوومە، هەتا ئێستاش گەلەک باشم لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان، تۆ ئەگەر بڵێی جزیر و بۆتان یانی هەوارگەی محەمەد عارف جزیری و حەسەن جزراوی و تەحسین تەها و محەمەد شێخۆ و ئەیاس و ئەردەوان زاخۆیی، هەموو ئەوانە زۆر کاریگەرییان لەسەر من هەبووە، هەروەها من لە منداڵیدا بە دەنگی باوکم زۆرم گوێ لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بووە، ئێستاش باوکم پێمدەڵێ دەبێ بنکەت لە گۆرانی وتن فۆلکلۆر بی، ئەوجا لەپاشی ئەو دەبێ کاری جوانتر و خۆشتر لە فۆلکلۆر بکەی.

*** لە هەفتەنامەیەکدا زۆر ریکلام بۆ شووکردنت دەکرێ، ئەوە خۆت حەزدەکەی، یا ئەوان شتی وا دەنووسن؟**

– نەخێر، من حەزدەکەم بە هونەرەکەم دەرکەوم، نەک بەشتی شەخسی، با ئەوشتە شەخسیانە هەندەک بۆمن بمێنێتەوە، من حەز لە عاشقاتی ناکەم و هەموو شت هی ئەوە نییە تۆ بیخەیە سەرمێز، با هەندەکیش بۆ خۆم بمێنێ، ئەگەر من خۆشەویستیم نەکردبێ، دیارە تا ئێستا قسمەت نەبووە.

***تۆ حەزدەکەی شوو بە کوردان بکەی یان بە غەیرە کورد؟**

– بۆمن باشترە ئەگەر کوردبێ، بۆ ئەوەی لە ئەدەب و ژیان و کەلتووری من نزیک بی، بەڵام ئەگەر شوو بە بیانییەک بکەم لەوانە نییە مورتاح بم.

*** حکومەت چەند هاوکاری تۆی کردیە؟**

– من قەت یارمەتیم وەرنەگرتیە.

*** بۆچی؟**

– تا ئێستا هیچ دەرفەتێک نەبووە بۆ ئەوەی لەگەڵیان قسە بکەم و داخوازییەکانی خۆمیان پێ بڵێم، جاری یەکەم کە هاتمەوە مامۆستا سەید ئەحمەد رواندزی گۆرانی بۆ کلیپ کردم و ئێستاش لەگەڵ کاک عیرفان ئیتیفاقم کردیە و ئەو سیدی بۆمن بەرهەم دێنێ وەک لایەنی ماددی، چوار شراش بۆم بڵاو دەکاتەوە.

*** ئەو هونەرمەندانە کێن لە تۆ نزیکن؟**

– فاتێ، دیار، خەلیل خەمگینە، سەیدخان، شەمدین، هەموو ئەوانە دەناسم، لەبەر ئەوەی من هەندێک زوو دەرکەوتم و لە ئەکادیمیش کارم کردییە، لە هەولێریش مامۆستا سەید ئەحمەد رواندزی و مامۆستا هەڵبەست سەلاح و ئومێد باڵەبان ئەوانە زۆر هاوکاری منیان کردووە.

*** دەرکەوتنی ئافرەت لەناو کۆمەڵگای کوردی کێشە دروست دەکا بۆ خودی ئافرەتەکە، دەرکەوتنی تۆ هیچ کێشەیەکی دروست نەکردووە بۆت؟**

– لەناو بنەماڵەی ئێمە گۆرانی بێژی عەیب نییە، بنەماڵەی من بەمن سەربڵندن، منیش هەندێ کەس و کارم هەیە دەڵێن دەرکەوتنی ئافرەت لەسەر تەختەی شانۆ گەلەک عەیب و شەرمە، بەڵام ئەو فکرە هەڵەیە، تۆ ئەگەر بەهرەت هەبێ و بتوانی شت بکەی بۆچی دەرنەکەوی، دەبێ میللەتی ئێمەش لەو بیرکردنەوەیە رزگاربێ، ئاخر من ئێستا دەزانم گەلەک دەنگخۆش لەکوردستان هەن، بەڵام لەبەر کێشەی کۆمەڵگا ناتوانن دەرکەون، یان بنەماڵەیان ناهێڵن، یان ئایین گەلەک کاریگەری هەیە، هەروەها خاڵ و مام و خزم و کەسیش کاریگەرییان هەیە و لایەنی ماددیش هۆکارێکە بۆ ئەوەی هەندێ کەس نەتوانن دەرکەون.

*** قەت بیرت نەکردۆتەوە گۆرانی بۆ ژنکوژی یان منداڵ بڵێی؟**

– بۆ مناڵ بیرم کردۆتەوە و هیوادارم لە سیدی داهاتووم بتوانم شتەکی جوان و رێک و پێک بۆ منداڵان بکەم، تا خەڵک تێبگا نازدار لەو گۆرانییە چ دەڵێ و مەبەستی چییە لەو گۆرانییەدا.

*** جگە لە کوردی بەچەند زمانی تر گۆرانیت گوتووە؟**

– بە ئەڵمانی و ئینگلیزی و تورکی، ئێستاش دەتوانم بە فارسی گۆرانی بڵێم.

*** دوای ساڵی ١٩٩٣ هیچ جار گەڕایەوە شوێنی لەدایک بوونت، جزیر و بۆتان؟**

– خۆی تۆ ئەگەر لە تورکیا لەبەر کێشەی سیاسی رابکەی، دەتوانی بچیە هەموو وڵاتێک تەنها تورکیا نەبێ، بەڵام دوای ئەوەی تەمەنم بووە (١٦) ساڵ، یەکەمجار گەڕامەوە جزیر و بۆتان و هەموو ساڵێکیش بەسەردان دەچمەوە، چەند کۆنسێرتێکیشم ئەنجامداوە، هەروەها کۆنتاکم لەگەڵ زۆر هونەرمەندی ئەوێ هەیە.

***لە جزیر قەت تووشی کێشە بووی لەسەر گۆرانی گوتن بە کوردی؟**

– بەڵێ.. لە جزیر جارەک چوومە رادیۆ، لەوێ گوتیان دەتوانی بە کوردی گۆرانی بڵێی، بەڵام ناتوانی بە کوردی قسە بکەی، منیش دوای ئەوەی گۆرانییەکەم بە کوردی گوت، یەکسەر بە کوردی قسەم کرد و وەڵامی پرسیارەکانم دایەوە، بۆیەش پۆلیس هاتنە رادیۆ و بەرنامەکەیان کۆتایی پێ هێنا.

*** لە ژەنینی هیچ ئالەتێکی مۆسیقی دەزانی؟**

– میلۆدی بە نۆتە نازانم بەڵام بە شێوەیەکی نۆرماڵ پەرپسیۆن، عەربانێ، تەربوقا، درامس ئەوانە دەژەنم.

*** دایک چۆن پێناسە دەکەی؟**

– دایک هەموو شتێکە، جار جار لەگەڵ دایکم سوعبەت دەکەم و دایکم دەڵێ: کەی تۆ برسیت بی، ئەوسا بیری من دەکەی، یانی باوک و دایک سەرداری هەموو شتەکن، من ئێستا زۆر غەریبیان دەکەم و زۆرجار کە دێمە کوردستان، دایکم دەگریێ.

*** حەزدەکەی لە جزیر و بۆتان بژی؟**

– زۆر، زۆر، بەڵام حەزدەکەم بە ئازادییەکی تەواوە بچم، حەزناکەم وەک ساڵانی پێشوو بێ، حەزدەکەم ئازاد بێ، ئەوسا بچمەوە و لەوێ ژیان بەسەر بەرم.


نازدار بە منداڵی

# دوو تیپی شانۆیی ئەوروپیی لە هەولێر


هیوا سوعاد

**تایبەت- هونەری بەدرخان**

گروپی شانۆی ئێرتیجالی سویدی یەکێکە لە گروپە شانۆییە بەناوبانگەکانی سویدی و لەماوەیەکی نزیکدا لەشاری هەولێر بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ- هەولێر، وۆرک شۆپێک بۆ (٢٠) هونەرمەندی شاری هەولێر دەکەنەوە، دوای ئەویش شانۆگەرییەکی ئێرتیجالی نمایش دەکەن و بڕیاریشە ئەو گروپە لێرەوە گروپێک لە هونەرمەندانی کورد داوەتی وڵاتی سوید بکەن.

لەو بارەیەوە هیوا سوعاد بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ تایبەت بە هونەری بەدرخان گوتی: ئێستا خەریکین لەگەڵ گروپی شانۆی ئێرتیجالی سویدی، کە گروپێکی بەناوبانگی سویدن، ورک شۆپێک لە هەولێر سازدەکەن کە (٢٠) هونەرمەند بەشداری تێدا دەکەن و وانەکانیش لەلایەن پسپۆڕانەوە دەگوترێتەوە و دوای ئەویش شانۆگەرییەکی ئێرتیجالی پێشکەش دەکەن و واش لەگەڵیان رێککەوتووین کە گروپێکیش لێرەوە بانگهێشتی وڵاتی سوید بکەن و، ئەم وۆرک شۆپەش زۆر گرنگە بۆ ئێمەی شانۆکاران، چونکە ئەزموونێکی نوێیە و پێویستە بۆ برەودان بە رەوتی شانۆی کوردی.

هەروەها بڕیارە دوای لەمانگی (١٠) گروپی شانۆی (رۆهەر)ی ئەڵمانیش بۆ ئێرە داوەت بکرێت، سەبارەت بەوەش هیوا سوعادی بەڕێوەبەر گوتی: لە مانگی (١٠)ی داهاتوو، گروپی شانۆی (رۆهەر) داوەت دەکەین بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی رۆشنبیری شانۆیی و سازدانی وۆرک شۆپ لەهەولێری پایتەخت و داوەتکردنی شانۆکارانی کورد بۆ وڵاتی ئەڵمانیا.

لە کۆتاییدا هیوا سوعاد ئاماژەی بەوەکرد لەکۆتایی مانگی ئابەوە دەست بە نمایشکردنی چەند شانۆگەرییەک دەکەین کە ئامادەن بۆ نمایشکردن.

# مەهاباد کوردی: ئۆجەلان هەرجارەی کە منی بینیوە رێزێکی تایبەتی بەرامبەر من نیشانداوە



مەهاباد کوردی

ئا: هەڵۆ مەرگەیی

*** ئەگەر مهاباد کوردی لە ژیانی تایبەتی خۆی بدوێ چیمان پێ دەڵێت؟**

– مەهاباد کوردی لە ساڵی ١٩٦٤دا لە گوندی تاڵەبانی گچکە" تەقتەق- کۆیە" شاری هەولێری خوارووی کوردستان هاتۆتە دنیاوە، لەتەمەنێکی زۆر بچوکدا لەگەڵ ماڵباتی خۆی روویان کردۆتە گوندی مورتکەی گەورە لەدەشتی هەولێر، هەر لەو گوندەدا قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کردووە. لە شارۆچکەی قوشتەپە قوتابخانەی ناوەندیی تەواو کردوە. لەبەر هەژاریو دەستکورتی بە ناچاریو بێ ئارەزووی دڵی خۆی، لە ساڵی ١٩٨٣خانەی مامۆستایانی کورانی لە هەولێر تەواو کردووە. لەساڵی ١٩٨٢ لەبەر بەشداربوون لە خۆپیشاندانەکانی دژ بە رژێم لە لایەن (ئەمن)ی هەولێرەوە دەستگیرکراوە. لە ١٩٨٥/٣/١٥لە کوردستان دەرکەوتووە، هەر لەبەر کورد بوون بۆ ماوەی دوو ساڵ لە عێراقو ئێرانو پاکستان زیندانی کراوە، لەساڵی ١٩٨٦دا لەرێگای unhcr لەپاکستانەوە رووی کردۆتە سوید. لەسوید بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەکو مامۆستای زمانی کوردیو عەرەبیو وەرگێڕ کاری کردووە، ئێستا لە وڵاتی سوید ژیانی ئاسایی خۆی بەسەر دەبات، مهاباد کوردی تا هەنوکە یازدە بەرهەمی بەچاپ گەیاندووە، دوایین بەرهەمی نوسەر کتێبێکە بەناوی (لەبارەی باشووری کوردستانەوە)، کە لەماڵپەڕی کتێبخانەی کوردی لە مانگی دیسێمبەری ٢٠٠٦دا بڵاوکراوەتەوە، ئەو بەرهەمە زێتر لە ٧٠٠لاپەرەیە. جگە لەم بەرهەمە چاپکراوانەش بەسەدان وتارو بابەتی وەرگێڕدراوی بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی لە ماڵپەڕو رۆژنامەو گۆڤارە کوردیو ناکوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

*** ئەو رێبازە سیاسیانەی مەهاباد پێیانەوە پەیوەست بووە کامانەن؟**

– پێم خۆشە ئەوە بڵێم خوێنەران لەبارەی بیروراکانی منەوە شارەزانو چ پێویستیش بەوە ناکات لەو بارەیەوە بەشانوباڵی خۆمدا هەڵبڵێم، من لەوەتەی خۆم وەک کوردێک ناسیوەو زانیومە کوردستان نیشتمانو زێدی منو بابو باپیرانم بووە، هەستم بەوە کردووە کە ئێمەی کورد دەبێ وەک گەلانی دیکە خاوەن قەوارەو دەوڵەتی نەتەوەییو ئاڵای نیشتمانیوسرودوشتە تایبەتیەکانی خۆمان بین، دیارە زۆر بەگەرمیەوە دەڵێم من نەتەوەییبوون بەشەرم و نەنگی نازانمو خۆشم بە کەسێکی نەتەوەخوازو کوردستانپەرست و خزمەتکاری گەلو نەتەوەو خاکەکەم دەزانم، ئایا ئەمە چ لایەنێکی خراپی هەیە؟

*** ئەوەی پێی دەگوترێ ئاپۆچییەتی چی یە؟**

– ئەگەر هەر رێبەرو سەرکردەیەکی کوردو غەیرە کورد خاوەن بیروراو بۆچوون و لێکدانەوەی تایبەت بەخۆیان بن لەمەڕ پرس و بابەتە جودا جوداکان، بێگومان ئەم شتە بۆ عەبدوڵا ئۆجەلانیش راستە دەردەچێت کە ئێستا لە زیندانی تورکە کەمالیستە دڵرەقەکاندا شەوو رۆژ دەژمێرێت، دیارە ئاپۆ خاوەن دیدو بۆچونی خۆی بوە سەبارەت بەپرسی کوردانو دۆزی رەوای گەلەکەمان لەباکوری کوردستان، هەر بۆیە ئەویش لایەنگرو هاوبیرو هاورێبازی خۆی هەبووەو هەیەو بەهەزاران و سەدان هەزاریش، لەم بوارەدا پێویست بەوە ناکات بە بەڵگە شتێکی ئاوەها بسەلمێنین، هەموو شتەکان روونو ئاشکرانو میناو مانگەشەو شەوی ئەنگوستەچاو روناک دەکەنەوە، کورت و کرمانجی لایەنگرانی ئاپۆ بە ئاپۆچی ناو دەبرێنو ئەمەش مەتەڵی گرانو زەحمەت نییە تا پەی پێ نەبرێت.

*** تۆ لە نزیکەوە کە ئۆجەلانت بینیوە، لە بەرامبەر ئەو رایەدا دەڵێی چی، کە هەندێک کەس دەڵێن مرۆڤێکی توندە؟**

– ئەگەر باس لە چاوپێکەوتنی خۆم لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان بکەم، دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەو جاری یەکەم لەشام منی بینیوە، پاشان لەدۆڵی بیقاع لە لوبنان چاوی بەمن کەوتەوەو لەگەڵ یەکتریش دانیشتووینو قسەو باسمان کردووە، ئۆجەلان لەو ساتانەدا رێزێکی تایبەتی بەرامبەر بەمن نیشان داوە کە ناتوانم باسی نەکەم، لە کتێبو بەرهەمەکانمدا، هەر لەوێنەو چاوپێکەوتنەکاندا، ئەم شتە بەجوانی دیارە، هەر کاتێکیش گلەییو گازاندەو رەخنەیەکم بەرامبەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانوخودی عەبدوڵا ئۆجەلانیش هەبوو بێت، نەک هەر بە وتارو نوسین، بگرە بە بەرپرسو ئەندامانی ئەو پارتەم راگەیاندووە، خوێنەران ئاگایان لەوەیە کە من کاتی خۆی بە ئاشکرا باسی ئەم مەسەلەیەم کردووەو تەواوی بۆچوونەکانی خۆشم بەیان کردووە، دیسان هەر لەساڵی ٢٠٠٢لە وڵاتی سوێد، کتێبێکی ١٢٠لاپەڕەییم بڵاو کردەوە بەناوی (باکووری کوردستان: دوای رفاندنی عەبدوڵا ئۆجەلان)، لەوێندەرێش بەشێوەیەکی ئاشکرا گەلێ شتم وتوە، هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم زۆرێک لەو سەرکردەو بەرپرسیارە کوردانەی کە عەبدوڵا ئۆجەلانیان دیوە، رێم پێ بدەن تا بڵێم لەچاکترین باردا خۆیان ئەگەر لە ناوهاتوو خراپتر نەبن، ماڵم قەبرە، لەویش باشتر نین.

*** ئایندەبینیت بۆ گوتاری سەرکردایەتی پەکەکە چیە؟**

– بێگومان دوای رفاندنە جەردەییەکەی عەبدولا ئۆجەلان کە زۆربەمان دەزانین چۆن چۆنیو بەچ شێوەیەک بوو، جۆرێک لەشڵەژانو نارێکیو پاشگەزبونەوە لەهەندێ ئامانجو دروشم، باڵی خۆیان بەسەر پ. ک. ک دا کێشا. کەس ناتوانێ نکۆڵی لەمە بکات، نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت ئەوسا گەلێ دەوڵەتو هێزو تەنانەت رێکخراوی ناوخۆیی لای خۆشمان لەدژی ئەو حزبەی باکوری کوردستان لەسەنگەردا بوون. هەرچی مەسەلەی سەرکردایەتییە، چ پارتی کرێکارانی کوردستانو چ جەماوەری خەڵکیش لەباکور، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، بە رادەیەکی زۆرو دیارو بەرچاو، ئاپۆ بەسەرۆکی خۆیان دادەنێنو دیارە پێشتریش هەروا بووە. تەنانەت تورک خۆشیان رۆژ لەدوای رۆژ چاکتر لەم دیاردەیە دەگەنو ناو بەناو دانیشی پێدا دەنێن، هەندێک لەکۆنە بەرپرسو کاربەدەستە سیاسیو سەربازییەکانی تورک خۆیان، تەنانەت لەسەر رووپەڕی رۆژنامەو بڵاوکراوەکانیشیاندا دانیان بەوەدا ناوە کە ئەوان سیاسەتێکی هەڵەو چەوتیان پەیڕەو کردووە لە رووبەڕووبونەوەی پ. ک.ک. و بزاڤی ئازادیخوازانەی کورد لە باکوری کوردستان، رەنگە دوای شکانو ئابروچونەکەی ئەم دواییەی تورکان لەباشوور، هەندێ پێشهاتو رووداوو دیاردەی نوێ بێنە ئاراوەو کێش ناڵێ لە بەرژەوەندی کوردو پ. ک. کو باکووری وڵاتیشدا نابن.

*** چی لە ئایندەی دەسەڵاتی سیاسیو ئیداری باشوری کوردستان دەخوێنیتەوە؟**

– دەسەڵاتی سیاسیو ئیداری کورد، لەباشوری کوردستان، پێشتریش گوتومە، وێڕای گشت کەموکوڕیو تەنگوچەڵەمەو گرفتە جۆراوجۆرەکان، ئەمڕۆ بووەتە هیوایەک بۆ تەواوی کورد لە گشت پارچەکانی کوردستان، پێم وایە بۆچوونێکی وەها تەنیا من ناگرێتەوە، بگرە زۆرینەی کورد وا دەڵێت، من ناڵێم هەر شت بە ئارەزووی دڵی ئێمەی کوردە، بەڵام ئەگەر کورد وەک نەتەوە زیرەک بێت، دەتوانێت سوودی تەواو لەم ئەزمونو دەسەڵاتەی باشوور وەربگرێت.

*** ناسیۆنالیستێکی کوردی پێی وایە خراپترین رەوشی ئیداریو کارگێڕی باشترە لە باشترین دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی بێگانە، ئەوە پاساوە، یان راستیەکی لە پشتەوەیە؟**

– کۆمەڵناسی بەناوبانگی تورکو دۆستی کوردان ئیسماعیل بێشکچی هەر لە مێژە خاوەن ئەم بیرۆکەیە بووەو لەزۆر بەرهەمی خۆیدا ئەم شتەی درکاندووە، من خۆم لەزۆر بۆنەو نوسیندا داکۆکیم لەم بیرۆکەیە کردووەو دەکەم. لەسەداسەد لەگەڵیدام وپشتیوانی لێ دەکەم، زۆر بەراشکاوییەوە دەڵێم: با پۆستاڵی پێشمەرگە، یان سەربازێکی کوردم لەسەر سەر بێ، نەک هی پاسدارێکی عەجەمو ئێرانی یان جوندییەکی عەرەبو جەندرمەیەکی تورک، من وابیر دەکەمەوەو مەرجیش نییە تۆ یان یەکێکی تر وەک من بیر بکاتەوە.

*** ئەمریکا رۆڵی گەورەو سەرەکی دەگێڕێت لە عیراقو بەتایبەتیش کوردستان، هەر ئەوانیش ساڵانە زوربەی راپۆرتەکانیان لەسەر هەبوونی گەندەڵیو پێشێلی مافەکانی مرۆڤ هەیە، لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەو مەسەلەیە چیە؟**

– ئەمریکا وەک زلهێزێک، خاوەن ئەجێندای تایبەت بەخۆیەتی، بەرژەوەندی لەکێندەر بێت لەوێندەرێیە، هەر ئەمریکا یارمەتیو کۆمەکی سەربازی بەبڕی دەیان ملیار دۆلار دەدات بە دەوڵەتانێکی دیکتاتۆریو نادیموکراتی، لێ لەهەمان کاتیشدا ساڵانە بەشێوەی راپۆرت نوسین، هەر بۆ نمونە لەبواری مافی مرۆڤ، رەخنەیان لێ دەگرێت، کەواتە ئەم شتە یا دیاردەیە، هەر تەنیا کوردستانی لای خۆمانو دەسەڵاتی کورد لەباشور ناگرێتەوە.

*** رەخنەی ئێوە لە میدیای کوردی چیە؟**

– لەوانەیە تا ئێستا میدیای کوردی ئەوەندە بواری بۆ نەرەخسابێت تا بەدڵی مرۆڤی کورد هەنگاوان بنێت، دیارە ئەمە پرسێکە تەنیا راگەیاندنو میدیای کوردی ناگرێتەوە، ئەو رەوشە سیاسیو دابەشبوونو لەت لەتبونەی کە کوردو نیشتمانەکەی تێی کەوتوون، بمانەوێو نەمانەوێ، کاریگەریی تەواوی خۆیان بەسەر بواری راگەیاندنو میدیای کوردیشەوە هەیە. خۆزگە لەجیاتی ئەو هەموو رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەو وەشانە تەلەفزیۆنیو ئاسمانیو نائاسمانییانە، چارەگێکی ئەوان بەڵام باشو بەرچاوو سەربەخۆو کوردستانییانەمان هەبووایە.

*** کۆسۆڤۆ دوو ملیۆن کەسە بوو بە دەوڵەت، ئەی کورد تا ئێستا بۆ نەیتوانیوە دەوڵەت بە دەستبێنێت، تۆ لەمپەرەکان لەچیدا دەبینی؟**

– با ئەو پرسیارە بەرەو رووی سەرکردەکانی کورد بکرێتەوە، بە تایبەتیش ئەوانەی باشوور، خەڵکی کۆسۆڤۆو رێبەرەکانیان قەت نەیان وتووە، ئێمە دەمانەوێ بەشێک بین لە سربستان، یەکەمین سەرکردەی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ، دوای پارچە پارچەبوونی یۆگسلاڤیای جاران، کە ناوی ئیبراهیم رۆگۆڤا بوو تا مردنیشی وازی لەداوای سەربەخۆیی کۆسۆڤا نەهێنا، سەرکردەکانی لای خۆمان، تازە بەتازە لەنێو پەرلەمانو لەبەرچاوی هەموو دنیا خۆیان بەعێراقی پلە یەک لەقەڵەم دەدەن. راستە بارودۆخی کۆسۆڤۆ لەگەڵ هی کوردستان جودایە، بەڵام خەڵکی کۆسۆڤۆ فێری ئەوە نەکراون بڵێن ئێمە سربین و خۆمان بەدانیشتوانی سربستان دەزانین.

*** گەنجی کورد بۆچی وەک بە هەشتو فریاد رەس سەیری ئەوروپا دەکات؟**

– گەنجی کورد توشی جۆرێک لە بێ هیوایی بووە، دیارە لەم بوارەدا دەسەڵاتو ئیدارەی کوردی بێ تاوان نین، لەهەمان کاتیشدا بارودۆخی کوردستانو رەوشی ژیانو بابەتی نەبونی خزمەتگوزاریو گرانیو هەروەها چاولێکەریش دەکرێ وەک هۆکار پەنجەیان بۆ درێژ بکرێ.

*** لە کوردستان ئەوەی ئێوە خۆشحاڵ دەکات، یان دڵتەنگتان دەکات چیە؟**

– ئەوەی من خۆشحاڵ دەکات، بەرزبونەوەی وردە وردەی هەستی نەتەوەییە لای رۆڵەکانی میللەتەکەمو فراوانبوونی ئاسۆی بیرکردنەوەی خەڵکی کوردستانە، بەشێوەیەکی گشتی. راستە ئەمە لەسەداسەد بەدڵی مرۆڤیش نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە شتەکە بەرێوەیە، هەڵبەت شتی تریش هەن کە دڵخۆشکەرن کە مەرج نییە لەم چەند دێرەدا بتوانین ئاماژە بەهەموویان بکەین، شتە دڵخۆشنەکەرەکانیش بریتین لەگەندەڵی ئیدارەی کوردی، مارەکردنەوەی کوردستان لە عێراق، کاریگەریی کۆمپانیا بێگانەکان بەسەر باری ناوخۆیی کوردستان لەهەندێ روەوەوە، رەواج پەیداکردنی شتە بیانیەکان لای کوردو بەداخەوە زۆری تریش هەن.

# کامەیان بە ئەخلاقترن؟



بەهرە حەمەڕەش

ئەخلاق هەموو ئەو را و بۆچون و قسە و شێواز و کردەوانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤەکان لە ژیانی رۆژانەیان ئەنجامی دەدەن، لایەنی چاک و شەرانگێزی دوو سیفەتی خۆرسکی ناخی مرۆڤەکانن، بەڵام پەرەدان بە هەر یەکێکیان دەمێنێتەوە سەر ئاستی رۆشنبیری و چاکەخوازی دەرونی هەر مرۆڤێک و کاریگەری ژینگە و پەروەردەش رۆڵی خۆیان دەبینن، تێگەیشتن و پێناسی ئەو چەمکەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە.

لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤایەتی دەرک بە رەفتارە سلبی و ئیجابیەکانی مرۆڤ کراوە، هەمیشە ئەو مرۆڤانەی خاوەنی کردار و رەفتاری جوان بوون، پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بەرز و رێزلێنانی خەڵکیان بەدەست هێناوە، لێکدانەوە و تێگەیشتن بۆ ئەو چەمکە لەگەڵ رەوتی ژیان لە بەرگ و فۆرمی نوێتردا رێکخراوە. دەکرێت هەر کۆمەڵگایەک پێناسەی تایبەتی بۆ (ئەخلاق) هەبێت، بەڵام هەندێ پرەنسیپ و بەها هەن بێ جیاوازی کۆمەڵگا و ژینگە هاوبەشن و لە سیستەمی ژیانی هەر کۆمەڵێک حسابی بۆ دەکرێت، بێ ئەوان مرۆڤ ناتوانێت بە کەرامەتەوە بژیت، بە تێپەڕبوونی قۆناغەکان و هاوئاهەنگی و بچوککردنەوەی جیهان بە هۆی تەکنەلۆژیای سەردەم، ئاکاری دیکەی هاوبەش دروست دەبن.

قیەم و بنەما ئەخلاقیەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوو هەموو تاکەکانی کۆمەڵ وابەستە و پەیرەوی دەکەن بێ جیاوازی لە نێوان نێر و مێ و چینەکان، لەو وڵاتانە مافی مرۆڤ و سیستەمی دیموکراسی و تاکگەرایی و گرنگیدان بە رەگەزی مێینە بوونی هەیە. لە کوردستان دەسەڵاتداران لە جیاتی هەوڵدان بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی دیموکراسی و دادپەروەری و هوشیاری کۆمەڵایەتی، لە خەمی خۆ دەوڵەمەندکردنن و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیانیان خستۆتە پێش بەرژەوەندی گەل و وڵات، لە هەر کەسێکیش زیاتر باسی ئەخلاق و رەوشت لەلایەن ئەو چینە دەکرێت، فەرزکردنی رەگەزێک بەسەر ئەوی تر رێگاخۆش کردنە بۆ پەشێوی و شێوانی کۆمەڵایەتی و رووداوی کارەساتئامێزی لێکەوتۆتەوە، پەرەدان بەو عەقڵیەتە و چەوساندنەوەی چینێک بە دەستی ئەوی تر نیشانەی لەقبوونی دەسەڵاتە، بۆیە بێ بەرقەراربوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، تا زمانی دایەلۆگ جێی شەڕ و یاسا، جێی سوڵحی عەشایەری نەگرێتەوە، کورد خاوەنی یاسایەک نەبێت بۆ خۆرێبەری، تا خۆشەویستی و قبوڵکردنی ئەویتر و بەهامرۆییەکان لە نێوان چینەکان عەیبە بێ و دزی و خیانەت و وڵات کاولکردن و درۆ ئاسایی بێت، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی خەیاڵە.

ژنی کورد بە درێژایی مێژوو دوو بەرابەری پیاو ئازار و چەوسانەوەی بینیوە، ئازارێکیان وەک هەر تاکێکی کورد لە ژێر قورسایی زوڵمی داگیرکەران و دوژمنانی کورد بووە، ئازارێکیان بە دەست پیاوەوە بووە، لەگەڵ ئەوەش شانبەشانی پیاوانیان کاریان کردوە، هەمیشەش دایک و هاوسەری لەخۆبوردوو و فیداکار بوون، بە مومارەسەکردنی کەمترین مافە سروشتیەکانیشیان قورسترین باجیان داوە، تائێستاش بە بیرکردنەوەی هەرە زۆری پیاوانی کورد خۆیان پێویستیان بە رەوشت و ئەخلاق نیە و سومعەی ئەوان دەبێت ژنانی خێزان و عەشیرەتەکانیان بیپارێزن، خۆیان لە هەر بەرگێک و بە هەر رەفتارێک لە گەورەیی و پیرۆزیان کەم نابێتەوە، ئەگەر خێزانێک کورەکەیان دز و پیاوکوژ بێت و کچەکەیان پەیوەندی خۆشەویستی هەبوو، سزای کچەکە کوشتن و کورەکەش گەورەیی لەلایەن ماڵە باوان کەم نابێتەوە، کارەساتتر ئەوەیە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە تەنیا لە ناو چینی نەخوێندەوار نیە، بەڵکو چینی رۆشنبیر و خوێندەواریش دوچاری هەمان نەخۆشین.

ئەم لێکدانەوە هەڵەیە بە جۆرێک کاریگەری نەرێنی لەسەر عەقڵیەتی تاک هەیە، کە دایک و باوکان لەسەر خوانیش جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچەکانیان بکەن و ئەمەش بە لادان لە ئەخلاقیات و بەها مرۆییەکانیشی نازانن، هەر بۆیە خۆپەرستی پیاوان بە رێژەیەکە شەڕی دنیا لەسەردەستی ئەوان دروست دەبێت، هەموو ئەمانەش لە پێناو وەرگرتن و سەپاندنی دەسەڵاتە. زۆر لە تیۆرانینە ورد و ئەکادیمیەکانی کەسانی مەدەنی دوور لە دەمارگیری پیاوەتی، پێیان وایە وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ژنان بارودۆخی وڵاتان ئارامتر دەکاتەوە. زۆر جار پیاوان بە پاساوی ئایین ژن دەچەوسێننەوە، گوایە ئایین کار و پەیرەوکردنی مافەکانی ژنی وەکو پیاوان بە حەرام زانیوە، بە شێوازێک لێکدانەوە بۆ ئایین دەکرێت وەکو ئەوەی دەقە ئایینیەکان تەنیا بۆ ژن هاتبێت و دەبێ ژنان جێبەجێی بکەن، بە دەگمەن خیتاب و شیکردنەوە ئایینیەکان باسی ژن و ترساندنی ژنی تێدانیە بە هەڕەشەی ئاگر، کە خۆیان بپارێزن و بخنکێنن تا پیاوان گوناهبار نەبن! وا پیشان دەدرێت کە ژن تەنیا جەستە و جنسە بۆ خۆشبەختی پیاوان دروست بووە، لەوەش بەرچاوتر هەموو ئەو گەندەڵی و دزی و چەوساندنەوە و کاولکاریەی لەلایەن پیاوان و پیاوانی دەسەڵاتدار بەتایبەت دەکرێت، بەرێوەبەرێکی گشتی لە ماوەی چەند مانگێک دەبێتە خاوەن قەسر و سەیارەی ئاخرمۆدیل لە لایەن پیاوانی تر رێزی لێ دەگیرێ و دەستی بۆ لە سنگ دەدرێت و دەبنە پاسەوانی، یان پیاو و داردەستەی کە ئەم دەستکەوتەی بە قۆرخ کردنی دەسەڵاتەکەی و دزی لە گەل و وڵات و درۆ کردن لەگەڵ خەڵکی رەشورووت لە سەرحسابی ئەوان و خیانەت لە خەباتی چەند ساڵەی ئە و میللەتە ستەمدیدە و خوێنی شەهیدان بەدەستهێناوە، کەسیش بە بێئەخلاق و بەدرەوشت ناوی نابات! بەڵام ئەگەر ئافرەتێک بیەوێت کارێک بکات و خاوەنی قەوارەیەک بێت و مومارەسەی ئەرک و مافەکانی بکات، یەکراست ناوی دەزڕێنرێت بە بێئەخلاق ناوی دەبرێت، من لێرەدا دەپرسم ئایا ئەوەی ماڵی خەڵک دەدزێ و گەندەڵی دەکا و خەڵک ئازار دەدا و خیانەت دەکا زیانی هەیە، یان ئەو ئافرەتەی دەیەوێ وەک خۆی دەیەوێ بژی و کار بکاو پێویستی بە کەس نەبێ و ئازادانە بەرنامە و رێگای ژیانی خۆی دابنێ؟ ئایا کامەیان بە ئەخلاقترن؟

# یادەوەری کچە شازادەیەکی عەرەب لە بەشی حەریمی دەوڵەتی عوسمانییەوە

و: هوشیار محەمەد ئەمین کۆیی

"حەریم"لەدەوڵەتی عوسمانی شوێنێکی تایبەتە بەژنان کە کەنیزەک و کۆیلەو ژنە بەدیلگیراوەکانی شەڕ لەکۆشک و تەلارەکانی سوڵتان یان لە کۆشی ئەمیرەکان لەخۆدەگرێ، کە جگە لەوان و ژنە خزمەتچییەکان کەسیتر بۆی نەبوو بچێتە ناو بەشی حەریم، لەبەرئەوە ئەو بەشە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە شتێکی نهێنی و شاراوەبوو.

نووسەری ئەم بیرەوەرییە کچە شازادەیەکی عەرەبە بەناوی"میصباح"کچی"شەریفعەلی حەیدەر"سەر بەتیرەی"ئال زەید"کە بە رەچەڵەک دەگەڕێنەوە سەر بنەماڵەی پەیامبەر، باب و باپیرانی پشتاوپشت فەرمانڕەوای میرنشینی شاری مەگلەیان بۆمابۆوە، بەڵام بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمای وای بەباشزانی کە رێنوومایی بداتە فەرمانڕەوای میسر"محەمەد عەلی" بۆئەوەی هێرشی سەربازی بۆ سەر"حیجاز"ئەنجامبداو بنەماڵەی"هاشمی"بۆ فەرمانڕەوای مەککە لەشوێنی ئەوان دابنێ و ئەو هەڵەش بقۆزنەوە، بۆئەوەی بەچاو چنۆکی دەست بەسەر سامانی"ئال زەید"دابگرن، بەڵام لەبەر پێگەو پایەی ئایینی و کۆمەڵایەتی ئەو بنەماڵەیە"سوڵتانی عوسمانی" دەیانگوازێتەوە بۆ"ئەستانبۆل" پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی و لەجوانترین شوێنی ئەوشارە کە"شەملوجە"یە، کۆشک و تەلار و پلەو پایەیان پێدەبەخشی و لەزۆر کێشەی سیاسی راوێژیان پێدەکاو بیروڕایان وەردەگرێ، ژیان و گوزەرانیان لەئاستی ژیانی سوڵتانەکانی عوسمانی دابووە، کە لەو بیرەوەییە دەیخوێنییەوە، بە هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی"هاشمییەکان"پشتگیری ئینگلیزەکانیان کرد. بۆیە دەوڵەتی عوسمانی ناچار دەبێ و بەفەرمانی "سەدری ئەعزەم""لەئاستی سەرۆکی حکومەتی ئێستایە"کە بە رێکەوت ئەویش لە نەوەی محەمەد عەلی دەبێ و دووبارە فەرمانڕەوای مەککەیان بۆ دەگەڕێنێتەوەو شەریف"عەلی حەیدەر"باوکی "میصباح"دەبێتە فەرمانڕەوا لە مەککە، کە مافی رەوای بنەماڵەکەی بوو، بەڵام ئایا بەو ئاواتە دەگات، کە لە بەشەکانی ئەو بیرەوەرییە بۆت رووندەبێتەوە، شازادە"میصباح"عەلی حەیدەر لەدایکێکی ئینگلیز و باوکێکی ئەمیر کە لە شەریفەکانی مەککە دەبێ، رۆشنبیرێکی سەردەمی خۆی بووەو لەبەشی حەریم لە کۆشک و تەلاری بنەماڵەکەی لە ئەستانبۆل لەدایکبووە، زۆر بەوردی و بەشێوازێکی جوان و راستگۆیانە باسی نهێنییەکانی حەریم و ژیانی رۆژانەو شێوەی رابواردنیان دەکا، جگە لەرووداوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لەساڵانی دوایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم روویداوە، کە دەوڵەتی عوسمانی لەو سەردەمە دەسەڵاتی بەسەر ویلایەتییە عەرەبییەکان و پانتاییەکی زۆری دیکەی وڵاتانی دیکە هەبووە، نەتەوەو کەمایەتییەکانی ناو ئەو دەوڵەتە جگە لە تورک، لەبارووەدۆخێکی زۆر خراپ ژیانیان بردۆتەسەر و ستەمی زۆریان لێکراوە.

لەمێژووی سوڵتانەکان و پادشاکانی دەوڵەتی عوسمانی، حەریم شوێنی چەوساندنەوەو پێشێلکردنی مافەکانی ژنان و کچان بووە، ئافرەت لەو بەشە تەنها بۆ رابواردن و دامرکاندنەوەو تێرکردنی ئارەزووی زایەندی بووە، زۆرجاریش رەفتاری توندوتیژ و خراپیان لەگەڵ کراوە.

حەریمی شەریف عەلی بەپێچەوانەی ئەوانە، کۆیلە و کەنیزەک و خزمەتچی و پیاوی خەسێنراو، هەمووی وەک ئەندامێکی ئەو بنەماڵەیە رێزیان لێگیراوەو بەیەک چاو سەیریان کراوە، کچە کە نیزەک و کوڕە کۆیلە پرۆسەی هاوسەرگیریان پێکهێناوەو منداڵەکانیان لە حەریم پەروەردە کراوەو کەپیریش بووینە، رۆڵیان هەبووەو پرسیان پێکراوە.



خاتوو دن لەتەمەنی پیریدا



شەریف عەلی حەیدەر

ئەو بیرەوەرییە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بەزمانی ئینگلیزی نووسراوەو زیاتر لە نیو سەدەیە دەزگای هیلالی میسری ئەو بەشە، تایبەتەی بە حەریم گۆڕیوەتە سەر زمانی عەرەبی، نووسەر زۆر راستگۆیانە یادەوەرییەکانی نووسیوەتەوە، ئەوەی شایەنی باسە بەشێکی دیکەی ئەو بیرەوەرییە لەگۆڤاری"لیلیبت"ی، ئینگلیزی ساڵی ١٩٥٩ لە لەندەن چاپکراوە، وامان بەباشزانی ئەویش لەگەڵ ئەو بەشانە بڵاوبکەینەوە.

کچێکی ئینگلیز دەبێتە هاوسەری دووەمی شەریف عەلی حەیدەر رۆژێکی مانگی نیسانی ساڵی"١٩٠٢"دوای عەسر کچێکی سوورو سپی زۆر جوان بەڵام رەنگی هەڵبزرگابوو و گرژی لێ بەدیدەکرا، بۆنووسینگەیسەفیری بەریتانیایان لە"ئەستانبۆل" پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی برد، سەفیر بە روێکی مۆنەوە سەیری کچەکەی دەکردو لەلایەکی نووسینگەکەی داناو پێیگوت: ئەی خانم"دن"ئەگەر سووری لەسەر بەستنی پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەمیر عەلی حەیدەر، ئێمە ناتوانین تەگەرە لەپێش ئارەزووەکانت دابنێین، بەڵام دەبێ بزانی کە لەمەودوا بە هاوڵاتی بەریتانی ناژمێردرێی.

سەفیری بەریتانی هەڵوەستەیەکی کردو درێژەی بەقسەکانیدایەوەو گوتی: خانم"دن" با پێتبڵێم تۆ بڕیاری کارێکی زۆر ترسناکت داوە، لەگەڵ ئەوە من رێزێکی زۆری ئەمیر عەلی حەیدەر دەگرم، بەڵام دەبێ ئەوە بزانی کە شێوازی ژیان لە رۆژهەڵات لەهەموو کاتێک وەک ژیان و گوزەرانی ئێمە نییە، بەگوێرەی داب و نەریتی ئیسلامی، دەبێ هەموو ژیانت لە"حەریم"وەک گۆشەگیرێک بەسەر ببەی.

خانم"ئیزابیل دن"کچی پیاوێکی بەریتانی، شارەزا لە چەک بوو، کە لەلای حکومەتی تورکی کاریدەکرد. ئەو خانمە زۆر بەهێمنی و سفتی لەلای سەفیر دانیشتبوو، هیچ دڵە راوکێیەکی پێوە دیار نەبوو و وەڵامی سەفیری داوەو گوتی:"من بڕیاری کۆتاییم داوەو بواری هیچ قەسەیەکی دیکە نییە". "راستییەکەی ئەو کچە ئینگلیزە حەزی لەئەمیر کردبوو". سەفیری بەریتانیا هیچ قسەی دیکە لا نەماو داوای بەختەوەری بۆ خواست، دواتر بووکی داهاتووی ئەمیری عەرەبی بەڕێکردو ئەویش بەرەو ئەو گالیسکەیە رۆیشت کە لەچاوەڕێی وەستابوو و خزمەتچییەکی خەسێندراو دەرگاکەی بۆکردەوە. دوای نیوکاتژمێر خانم"دن" هاتە سەر ئایینی ئیسلام و بەرەو بارەگای هاوینەی ئەمیر لە کێڵگەو باغاتی"شەملوجە"کە شوێنێکی زۆر دڵگیربوو، خانوویەکی تایبەتی بۆ ئامادەکرابوو، "شەملوجە" ماناکەی بە کۆشکی سنەوبەر دێت و لەنزیک بوسفۆرە، مەراسیمی ئاهەنگی هاوسەرگیری بەپەلە ئەنجامدرا.

ئەمیر شەریف عەلی، خاتوو"دن"ی، پێش چەندساڵێک دەناسی کاتێ کە بانگی دەکرد بۆ"شەملوجە" تا کورەکەی ژنی یەکەمی، فێری زمانی ئینگلیزی بکات. زۆرجاران داوای لێدەکرد کە بەسواری ئەسپ بەیەکەوە بۆ سەیران بچن.

گەورەترین نەیاری ئەو هاوسەرگیرییەی ئەمیر عەلی و ئەو کچە ئینگلیزە"سوڵتان عەبدولحەمید"بوو، چونکە لە ئینگلیزەکان زۆر بەگومان بوو. سەرەتا کە لەگەڵ ئەو کچە بەیەک دەگەیشتن و دیدەنیان دەکرد، زۆرپێی دڵگران دەبوو و لێی قەدەغەکردبوو، بەڵام شەریف عەلی بەتوندی وەڵامی سوڵتان عەبدولحەمیدی دایەوەو پێیگوت: هیچ کەسێک بۆی نییە دەست لەکاروباری من وەربدات، دواتر دەستبەجێ و یەکسەر چووە لای خاتوو"دن"و داوای هاوسەرگیری لێکردو ئەویش رازیبوو. هەر لەو رۆژەوەی ئەو رێورەسمە ئەنجامدرا، پاش چەند خولەکێک ئەو کچە ئینگلیزە ناوی لە"دن"ەوە، گۆڕدرا بۆ"فاتیمە"و بووە شازادەو دووەم ژنی ئەمیر عەلی حەیدەر کە بەخاوەن شکۆ"شازادە فاتیمە"ناسراو بووە ئەندامێکی گەورەترین تیرەی نەوەی پەیامبەر. عەلی حەدەر سەردەمێک پاڵێوراوبوو بۆ فەرمانڕەوای عێراق و سوریاو حیجاز.

ئەو هاوسەرگیریە لەمەوپێش هاووتای نەبووە، چونکە پێشتر هیچ شەریفێک لەو بنەماڵەیە کچێکی ئینگلیزی نەخواستبوو، نەخاسمە ئەو شەریفەش فەرمانڕەوای داهاتووی مەککە بێ.

بەشی یەکەم

# دوو پسپۆڕی کەنەدی بواری راگەیاندن لە بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێرن


مامۆستایان ماری گەی و گێری ئێلمەر

**لە (٢٠٠٨/٦/٢٣)ەوە، تاکو ئێستا هەریەک لە ماری گەی و گێری ئێلمەر لە بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بە بەردەوامی خول دەکەنەوە و ئێستاش دوا گروپ لەو خولەدا بەشدارن کە بریتین لە رۆژنامەنووسانی ناوەراست و باشووری عیراق، بەرلەوەش چوار گروپی تر بەشداری ئەو خولەیان کردووە و هەمووشیان بڕوانامەیان وەرگرتووە و رێکخراوی ئایرێکسی ئەمەریکیش هەڵدەستێ بەم کارە، هەر بۆیە بە پێویستمان زانی راپۆرتێک لەو بارەیەوە ئامادە بکەین و رای هەریەک لەو دوو پسپۆڕەش وەربگرین لەسەر راگەیاندنی کوردی.**

**ئا: مەسعود ئیبراهیم مەلا هەمزە**

لە سەرەتاشدا مامۆستا کاوە وەک سەرپەرشتیاری گشتی خولەکە باسی لەچۆنییەتی خولەکە کرد و گوتی: پاش ئەوەی لەبەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر لەگەڵ رێکخراوی ئایرێکسی ئەمەریکی رێککەوتین کە دوو مامۆستا لە کەنەدا بێنن بۆ ئەوەی خولی راهێنان لەسەر راگەیاندن بکەینەوە، ئەوەبوو لە ٢٠٠٨/٦/٢٣ ئەو دوو مامۆستایە دەستیان بەکارکرد و خولەکەمان بۆ پێنج گروپ دابەشکرد ئەوانیش: قوتابیانی بەشی راگەیاندن، مامۆستایانی بەشی راگەیاندن، تەکنیککارانی بەشی راگەیاندن، دوای ئەوانیش رۆنامەنووسانی شاری هەولێر و دهۆک و سلێمانی، گروپی کۆتاییش بریتین لە رۆژنامەنووسانی عەرەب کەهی شارەکانی تری عیراقن. بۆ هەر گروپێکیش لەخولەکە دوو هەفتەمان دانابوو، دوای ئەوە بڕوانامەمان دەبەخشیە دەرچووان.

مامۆستا کاوە گوتیشی رۆژنامەنووسەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە دیار کرابوون.

مامۆستا کاوە گەشبینە بە خولەکە دەڵێ: پێموایە بەشدارانی خولەکە سوودێکی زۆر دەبینن، لەبەر ئەوەی کارەکە شتێکی نوێیە و مامۆستاکانیش هەریەکەیان ئەزموونی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نییە و جگە لەکوردستان چەندین وڵات گەڕاون و وەک مامۆستا و راهێنەر کاریان کردووە.

## ماری گەی: ئەوەی زاگرۆس بەناوی هەواڵ پەخشی دەکا، من ناوی نانێم هەواڵ

## گێری ئێلمەر: لە کەنەدا لە شارێکی وەک هەولێر دوو، سێ تەلەفزیۆنی ناوخۆیی هەیە!!

مامۆستا کاوە ئەوەشی نەشاردەوە کە رێکخراوی ئایرێکس بەڵێنیان داوە ئەوانەی چالاک بن لەبواری راگەیاندن و لەو خولە بەشدار بووبن ئەوا دەیانبەنە وڵاتانی تر و لەوێ هەوڵدەدرێ زیاتر لەبوارەکە شارەزابن و خولیان بۆ بکرێتەوە، گوتیشی من لەپارەوە لەگەڵ ئەو رێکخراوە کاردەکەم، ئەوساڵ لە بەیروت خولێکی بەڕێوەبردنی دەزگاکانی راگەیاندن هەیە لەهەولێر من دەبەن و لە شارەکانی تریش کەسانی تر.

ژاڵە مەحمود یەکێک بووە لەو قوتابیانەی لەو خولە بەشدار بووە و گوتی: سوودێکی زۆرم لەو خولە بینی، چونکە ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ چوونە ناو ئەو بەرنامانەی کە ئەو پسپۆڕانە دایان نا بۆ ئێمە و خولەکە شتێکی نوێ بوو.

رازاو ئازادیش بەشدار بوویکی تر بوو، ئەویش گوتی: وەک قوتابیەکی قۆناغی یەکی بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر کە بەشداریم لەو خولە کرد سوودی زۆرم لێی وەرگرت، چونکە ئێمەی لەساڵی یەکەمی پەیمانگا شتەکان تەنها بە نەزەری دەخوێنین، بەڵام لەماوەی ئەو دوو هەفتەیە بە عەمەلی کارەکانمان کرد و سوودێکی زۆرمان لێی وەرگرت.

زینە یەکێک بوو لەرۆژنامەنووسە بەشداربووەکانی دوایین گروپی ئەو خولە، سەبارەت بە خولەکەش گوتی: بەراستی ئەو جۆرە خولانە بۆ ئێمە راگەیاندکار زۆر گرینگە، لەو خولەشدا شتی تازەمان وەرگرت، بەتایبەتی تۆ ئەگەر بێژەر بی لەو خولەدا فێرتدەکەن چۆن ببی بە پەیامنێر و راپۆرت ئامادە بکەی، بۆیە خولەکە بەگشتی زانیاری ی سوودێکی باشمان پێ دەبەخشێ لە بواری راگەیاندن.

ماری گەی وەک مامۆستایەک و پسپۆڕێک لە بواری راگەیاندن، چەند پرسیارێکمان بەرەو رووی کردەوە و ئەویش وەڵامی دایەوە.

* ئاستی بەشداربووانی ئەو خولە چۆن دەبینی؟

– لەڕووی دروستکردنی راپۆرتە هەواڵ هەژارییەک دەبینم و لەو ئاستە نییە زیاتر تەرکیز لەسەر قسەکردن دەکەن، من لە تەلەفزیۆن کاردەکەم، تەلەفزیۆنیش بەراستی هەمووی وێنەیە، ئەگەر راستیت پێ بڵێم کە سەیری تەلەفزیۆنە عێراقی و کوردییەکان دەکەم بێزار دەبم، بۆ نموونە لە هەواڵەکانی تەلەفزیۆنی زاگرۆس پێشکەشکار نییە، ئەوان وێنەکان لە ئاژانسەکانی دەنگوباسی وەکو ئاشیۆسەیتت پرێس وەردەگرن، پاشان تەعلیقەکە وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی، بەبێ ئەوەی پێشکەشکار هەبێ و هەواڵەکانیش زۆر کورتن، بە گوێرەی پێناسەکانی من ئەوە هەواڵ نییە.

* ئەی پێت وایە چی بکرێ دەتوانین راگەیاندنی کوردی بەرەو پێش ببەین؟

– پێتاندەڵێم هەواڵی راستەقینە پێشکەش بکەن، من دەزانم ئێرە کەنەدا و ئەمەریکا نییە، بەڵام ئەوەش دەزانم ئامادەکردنی دوو خەلەک هەواڵ شتێکی جیهانیە و لە هەموو جیهانیش هەواڵ یەک سیستەمی هەیە، لە هەموو دونیا هەواڵ بریتیە لەبەدەست هێنانی وێنە و قسەدانان لەگەڵی و هەروەها دیمانەی تێدایە و پاشان کەسێک پێشکەشی دەکا، تەلەفزیۆن ئامێرێکی زۆر بەهێزە، لە هەموو جیهان هەواڵ لە تەلەفزیۆن وەردەگیرێ، بەڵام پێموایە تا رووخانی رژێمی سەدام لێرە شتێک بەناوی رۆژنامەگەری کوردی نەبووە، رۆژنامەگەری تەواو و راستەقینە لێرە (٥) ساڵە سەری هەڵداوە و پێشموایە پێشکەوتنی رۆژنامەگەری کوردی دەستی پێکردووە بەڵام هێواش هێواشە و یەکێک لەوخاڵانەی من و گاریش بۆی هاتووینە و هەوڵی بۆ دەدەین دەمانەوێ ئەو هێواشیە خێرا بکەین.

* تاکی ناو راگەیاندنی کوردی چەند بەتەنگ بەشداری کردنە لەو خولەدا؟

– رۆژنامەنووسانی کورد زۆر حەز لەفێربوون و پێشکەوتن دەکەن، هەرچەند جاری دێمە ئێرە قوتابیانی بەشداربوو زۆر بە حەماسەتەوە بۆ شتەکان دێن و دەیانەوێ فێری بن، بەشێکی کێشەکانی ئێرە نەبوونی ئامێرە بۆ راهێنان، زۆربەی وانەکان لێرە تیۆریە کە ئەوەش هەڵەیە، پەیمانگای تەکنیکی بەشی راگەیاندن لە کوردستان تاکە پەیمانگایە کە ستۆدیۆ و ئامێری پێشکەوتووی هەبێ و دەتوانرێ لێی فێرە شت بی.

دوای ئەویش گێری ئێلمەریش وەڵامی پرسیارەکانی بەدرخانی دایەوە.

* پێت وانییە بۆشاییەکی یەکجار زۆر هەیە لە کردنەوەی خولی بەهێزکردنی راگەیاندن؟

– بەڵێ، پێموایە بۆشایی هەیە، خەڵک بەگشتی حەزی لێیە ئیشی بەجوان و رێک و پێکی بکا و فێری شتی نوێش بێ لەرێگەی ئەو کۆڕسانەوە.

* ئەو کۆڕسانە بۆ راگەیاندکارانی کورد لە کوردستان کرا، ئەی بریار نییە لە دەرەوەی کوردستانیش کارێکی لەو جۆرە بکەن؟

– ئەگەر بەدەست من بێ پێمباشە کۆرسی وا لێرە زۆر بکرێتەوە، هەروەها بەهەمان شێوە رۆژنامەنووسان و قوتابیانی بواری راگەیاندن بچنە دەرەوەی وڵات.

* چۆن دەڕوانیە ئایندەی راگەیاندنی کوردی؟

– گەشبینم بە داهاتووی رۆژنامەگەری کوردی، پێشنیاریش دەکەم رۆژنامەنووسان لەدەوری یەکتر کۆببنەوە، بەوەش دەتوانن زیاتر پەرە بەخۆیان بدەن و بەرگریش لە یەکتر بکەن.

* لەناو هەولێر زیاتر لە (١٤) کەناڵی ناوخۆیی هەیە، بەڕای تۆ ئەوەندە کەناڵە باشە یان نا؟



– پێم وایە لە کەنەدا لە شارێکی وەک هەولێر تەنها دوو، سێ کەناڵ هەیە، ئەوە بەلای من زۆری و بۆرییە، رۆژنامەنووسێک کە لەکەناڵێکی سەر بەیەکێک کاردەکا، نابێ جیاوازی بکا لەگەڵ یەکێکی تر کە لەکەناڵی یەکێکی تر کاردەکا.

* بەرای تۆ دەبێ هەواڵ چۆن دابرێژرێ؟

– لە هەواڵدا دەبێ کەسەکان عادل بن و هەردوو لایەنە دژ بەیەکەکەی هەواڵ بخەنە روو.

* ئەوە لەناو راگەیاندنی کوردی هەیە؟

– هەمیشە وانییە، هەندێکجار وایە و هەندێکجاریش تەنها لایەنێکی چیرۆکەکە نیشاندەدرێ و لایەنە دژەکەی نیشان نادرێ.


زینە


ژاڵە مەحمود


رازاو ئازاد

# بزاڤی رۆژنامەوانی کوردی لە ئیتالیا: ئەزموونی گۆڤاری هەتاو



**د. جاسم تۆفیق خۆشناو**

بزاڤی رۆژنامەوانی یان چاپەمەنی کوردی لە ئیتالیا، راستەوخۆ، بەستراوەتەوە بە بوونی کوردستانیان لەم وولاتە.

بە پێی ئەو زانیارانەی لەبەر دەستی ئێمەدایە لە سەرەتای سالانی حەفتای سەدەی رابردووو، بە واتایەکیتر لە دوای بەیانی ئازاری ١٩٧٠، دەستەیەک خوێندکار، کە زۆربەیان لە باشووری کوردستان، روویان لە ئیتالیا کرد، زۆربەیان هونەرمەندی تەشکیلی بوون، ئێستاش هەندێکیان لە ئیتالیا دەژین. کەچی دوای هەڵگیرسانی شەری عێراق ـ ئێران (١٩٨٠ ـ ١٩٨٨) کۆچی کورد بۆ هەندەران لە هەموو پارچەکانی کوردستان رووی لە زیادی کرد، بە تایبەتی نزیکەی ٣٠٠ خوێندکاری کورد، بە مەبەستی خۆ دەربازکردن لە ئاگری ئەم شەڕە، هاتنە ئیتالیا. لەبەر ئەوەی ئەو کاتێ لە ئیتالیا مافی پەناهەندەیی نەبوو لە سەرەتا هەموویان دەستیان بە خوێندنی زانکۆ کرد. گەیشتنی ئەم گروپە گەنج و خوێنگەرم و پڕ لە هەستی نیشتمانی، وەرچەرخانێکی گەورەیە لە مێژووی بوونی کوردستانیان لە ئیتالیا.

بە پێی زانیاری ئێمە تا داگیرکردنی کوێت لە لایەن رژێمی سەدام حوسێن (١٩٩٠/٨/٢) تەنها یەک کتێبی سادە، لە ساڵی ١٩٧٦، لەسەر کورد و کوردستان بە زمانی ئیتالی چاپکرابوو. واتە خەباتی کولتوری و هەولدان بۆ ناساندنی دۆزی کورد بە رای گشتی ئیتالی کارێکی یەکجار سەخت بوو، دەگەڵ ئەوەشدا کوردەکانی ئیتالیا، بۆ ناساندنی دۆزی گەلەکەیان، هێزو توانای خۆیان خستەگەر، ئەمەش لە رێگای بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، دۆسیە، بڵاوکراوەو دۆکومێنتی جۆربەجۆر. لە دوای داگیرکردنی کوێت تاکو ئێستا زیاد لە ٢٠ کتێب بە زمانی ئیتالی لەسەر مەسەلەی کوردستان چاپکراون، زۆربەیان لە لایەن ئەو کوردانە نووسراون کە لە ئیتالیا ژیاون.

تا ئیستا ژمارەی کوردستانیان لە ئیتالیا، کە دانیشتوانی خۆی لە ٦٠ ملیۆن کەس دەدا، لە پێنج هەزار تێپەڕ ناکات، پەرتەوازەو کەم ئۆرگانیزەن، چەترێک نیە هەموویان لە بنی کۆببنەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، لە رابردوو و لە ئێستا، بزاڤی چاپەمەنی، بە تایبەتی رۆژنامەوانی، وەکو پێویست رۆلی خۆی نەبینیووە.

لەم لێکۆلینەوەیە ناکرێت باسی هەموو ئەو نووسراوە (کاغەزی) کوردی و ئیتالیانە بکەین کە لەم ٣٠ ـ ٤٠ سالانە بڵاوکراونەتەوە. پێش ئەوەی بێینە ناو باسەکەمان بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە لە سالانی ١٩٨١ ـ ١٩٨٣ گۆڤاری "دووریانی شۆڕشگێری؛ کە زمان حالی "یەکێتی لاوانی شۆڕشگێری کوردستان؛ بوو سێ ژمارەی لێدەرچوو. یەکێتی لاوانی شۆڕشگێری کوردستان لە هاوینی ١٩٨١ لە ئیتالیا دامەزار، پەیرەو پرۆگرامێکی ئایدیۆلۆژی مارکسی هەبوو، گۆڤارەکەش بە زمانی کوردی بوو. بە پێی زانیاری ئێمە ئەوە یەکەم گۆڤاری کوردی بووە لە ئیتالیا، بە زمانی کوردی، دەرچووبێت. رێکخراو و گۆڤارەکە کە خاوەنی ئەم باسە، بە شێوەیەکی چالاک و سەرەکی تیا بەشداری کرد، لە سەرەتای ١٩٨٤ هەڵوەشایەوەو کاروچالاکیەکانی راگرت.

بە باشمان زانی تەنها باسی گۆڤاری "هەتاو؛ بکەین لەبەر چەند هۆیەک: لە ساڵی ١٩٩٠ رێخراوێکی نا حیزبی بە ناوی "کۆمونیتای کورد لە ئیتالیا Comunitá Kurda in Italia – CKI؛ پێک هات تا هەموو کوردستانیان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، لەسەرەتاوە سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا، یەکەم گۆڤاری کوردیە بە زمانی ئیتالی دەربچێت، بابەتەکان، تا رادەیەکی باش بە پێزو سەرنج راکێش بوون، لە رووی تەکنیک دیزاین گۆڤارێکی سەرکەوتوو بوو.

هەتاو، هەرچەندە بە ناو، هی کۆمونیتای کوردی ئیتالی بوو بەڵام بە هەوڵ و خۆماندووکردنی کاک شۆڕش عەزیز سورمێ دەردەچوو. هەرچەندە بە رەسمی لە ماوەی سالانی ١٩٩٣ ـ ١٩٩٨ کاک شۆڕش سەرۆکی کۆمونیتا بوو بەڵام دوا ژمارەی هەتاو لە ١٩٩٤ دەرچوو. بە هیوای ئەوەین برادەرانی ئەو کاتەی کۆمونیتاو و خودی کاک شۆڕش باسی راوەستان و خۆکێشانەوەیان بکەن.

لێرەدا هەوڵدەدەین بە کورتی باسی ناوەرۆک و بابەتەکان و ئەو کەموکورتیانەی، بە رای ئێمە لەم ٣ ژمارەیەی هەتاو دەکەنە بەرچاو، بخەینە بەردەم خوێنەران بەو هیوایەی ببێتە سەرچاوەو ماتریالی بە سوود بۆ هەرکەسێک، لە ئایندە، بیەوێت توێژینەوەیەکی مێژوویی یان ئەکادیمی لەسەر بزاڤی چاپەمەنی کوردی لە هەندەران بنووسێتەوە.

**گۆڤاری هەتاو**

**گۆڤارێکی کولتوری کوردیە، لە لایەن کۆمونیتای کورد دەدەکرێ.**

(Hetaw (il Sole
Rivista Culturale kurda della Comunitá kurda in Italia.

ئەم گۆڤارە ٣ ژمارەی بە زمانی ئیتالی، بە قەبارە ٢١ x ٣٠ سم، لێ دەرچووە، هەر ژمارەیەکیش، بە بەرگەوە، لە ٢٨ ـ ٣٢ لاپەڕە پێک هاتووە.

**ژمارە سفر (٠)ی تەموزی ١٩٩٠.**

١) لە لاپەرەی یەک سەروتار بە ناوی "رۆژنامەگەری و خەباتی رزگاریخوازی کورد؛ بڵاوکراوەتەوە، هەرچەندە ناوی کەسی لەسەر نیە بەڵام بە پێی زانینی ئێمە لە لایەن کاک شۆڕش سورمێ نووسراوە، هەر لەم لاپەرەیە ئاماژە بە فەهرەستی بابەتەکان کراوە.

٢) لە لاپەرە ٢ تا ٧ وتارێکی بەندە (جاسم تۆفیق) نووسراوە، ئەم ووتارە بە کورتی باسی مێژوو و بەسەرهاتی گەلی کورد، لە دێرزەمانەوە تا سالانی هەشتا، دەکات. وتارەکە لە نامیلکەیەک وەرگیراوە کە لە ساڵی ١٩٨٩ز لە شاری پیزە ـ ئیتالیا بڵاوکراوەتەوە. کەچی لە هەتاو نووسراوە لە ئامادەکردنی a cura di جاسم تۆفیق. ئاشکرایە جیاوازی لە نێوان نووسەر (دانەر) و نووسەر (ئامادەکار) هەیە و کاک شۆرشیش ئەمە دەزانێ، جگە لەمەش نە نووسراوە کە ئەم وتارە لە فلان نامیلکە یان سەرچاوە وەرگیراوە.

٣) لە ل ٨ وتارێکی پرۆفیسۆر کەمال مەزهەر "رۆلی گەلی کورد لە مێژووی شارستانیدا Il ruolo del popolo kurdo nella storia della civiltà بڵاوکراوەتەوە کە باسی رەچەلەکی میدیەکان دەکات بەڵام سەرچاوەکەی لێی وەرگیراوە دەستنیشان نەکراوەو بابەتەکەش زۆر سادە دێتە بەرچاوە.

٤) لە لاپەڕە ٩–١١ووتارەکی فواد حەمە خورشید، بە ناوی "زمانی کوردی؛، بڵاوکراوەتەوە. ئەم ووتارە کاتی خۆی، ١٩٨٦ز، لە لایەن کاک شۆڕش سورمێ، بە نامیلکەیەک، کراوەتە ئیتالی و بەم کارەش خزمەتێکی زمانی کوردی کردووە، کەچی لەم ووتارە ٣ لاپەرەییە نە دەستنیشانی سەرچاوە کوردیەکە کراوەو نە هی ئیتالیەکە. هەروەها ئەم وتارە هەموو دەقە ئەسلیەکەی نەگرتۆتە خۆی، لە لایەکیتریش لە کۆتای وتارەکە ١٨ پەراوێز (ژێدەر) نووسراوەتەوە بە بێ ئەوەی لە ناو تێکستە ئیتالیەکە ئاماژەیان بۆ کرابێت. تێکستەکەی هەتاو، بە پێی هەلسەنگاندنی ئێمە، یەک لەسەر سێی تێکستە ئەسلیەکەیە. خوێنەر لە برین و دەستکاری ئاگادار نەکراوەتەوە و تەنانەت ئەگەر خوێنەر زۆر بە دیقەت نەیخوێنێتەوە نازانێ "کێ؛ نووسیوویەتی.

هەڵبەتە دانانی ژێدەرەکان لە شوێنی ئەسلی خۆیان ئەمانەتێکی گەورەو مێژووییە، دەستکاری کردنیان ناوەرۆکی بابەتە دەگۆڕێت و سەنگی زانستی و ئەکادیمی لە دەست دەدات.

٥) لە ل ١٢ وتارەک بەناوی (هۆنراوەی کوردی) لە لایەن لۆرێنزۆ گوێللە Lorenzo Guella نووسراوە، هەموو لاپەرەکەی بە خۆ گرتووە. دیارە کەسێکی پسپۆر و خامە رەنگین نووسیوویەتی کە تیایا باسی ئەدەبیات، بە فۆلکلۆر و نووسین و چۆنیەتی درووستبوونی، دەکات. پاشان دێتە سەر ئەدەبیاتی کوردی لە سەدەکانی ١٥ ـ ١٨ ز، تا دەگاتە سەدەی ١٩ و لە دایکبوونی شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی. نووسەر دەڵێ: سەرەرای ئەوەی کورد دەولەت و وولات و زمان (زمانی رەسمی و یەکگرتووی) نیە بەڵام لە رێگەی شیعرەوە توانیوویەتی ناسنامەی خۆی بپارێزێت و گەشە پێ بدات... تا دەگاتە ئەو شوێنەی بلێ ئەمرۆ باشترین چەکی بەرگری کورد شیعرە. ووتارەکە بە شێوەی پەخشان نووسراوە و هیوای ئەوە دەخوازێت کە خوێنەری بە ئاگای ئیتالی، لە رێگەی ئەو شیعرانەی لەم ژمارەیە بڵاوکراونەوە، بتوانێ لە دەرد و ئازارو خواستەکانی گەلی کورد، بگات.

٦) لە ل ١٣ تا ١٧ چەند شیعر و حیکایەتی کوردی کراونەتە ئیتالی و نووسراوە لە "ئامادەکردنی شۆڕش عەزیز سورمێ؛، شیعرەکان بریتین لە هی ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی، قانیع، گۆران، هەژار موکریانی، هێمن، عەبدولا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، جگەر خوێن، لەتیف هەلمەت، نەژاد عەزیز سورمێ. تەنها ئەوەی دواوە نەبێت، کە برای کاک شۆڕشە، ئەوانیتر هەموویان پێشتر بە زمانی ئیتالی بڵاوکرابوونەوە کەچی کاک شۆڕش ئاماژەی بە سەرچاوە ئیتالیەکان نەداوە، تەنانەت لە ساڵی ١٩٨٧ شێرکۆ بێکەس، لەسەر داوەتی رەسمی ئیدارەی شاری فلۆرانس ـ تۆسکانا، هاتە ئتیالیا و لەم بۆنەیە کۆمەلە شیعرێکی کرایە ئیتالی و لە کتێبیکی ١٠٠ لاپەرەی بڵاوکرایەوەو بەندەش بەشداری لە وەرگێرانی چەند شیعرێک کرد.

هەمان شت دەربارەی دوو حیکایەتی فۆلکلۆری بە ناوی (بەسەر هاتی دارتاش "وەستای نەجار بنووە بێ خەم و خەیار، خودا یەکە و دەرگای هەزار؛) و (هاورێیەتی)، نووسراوە لە ئامادەکردنی شۆڕش عەزیز سورمێ کەچی ئەمانە لە ساڵی ١٩٨١، بە یارمەتی و هاوکاری هەندێ لە جالیەی کوردی، کراونەتە ئیتالی و لە گۆڤاری "ئەیۆ Ajio؛ی سەردینی، بڵاوکراونەتەوە.

٧) لە لاپەرە ١٨ ـ ٢٠ وتارەکی مەکسیم رۆدیسۆن بڵاوکراوەتەوە کە بریتیە لەو پێشەکیەی بۆ کتێبی Joycc Blau، Memoire du Kurdistan، Ed. Findatly، ١٩٨٤ نووسیووە. ئەم ووتارەش باسی دەوڵەمەندی زمان و ئەدەبیاتی کوردی دەکات، هەر لەگەل ئەم وتارە تابلۆیەکی هونەرمەند عەتا قەزاز بڵاوکراوەتەوە.

٨) لە لاپەرە ٢١ ـ ٢٢ وتارەکی خانم میرێلا گەللیێتی Mirella Galletti بە ناوی کورد و ماس میدیا بڵاوکراوەتەوە، گەللیێتی لە سەرەتای سالانی حەفتا خەریکی لێکۆلینەوەو نووسینە لەسەر کێشەی کوردستان و سەدان وتار و چەند کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە، بە یەکێک لە کوردناسە هەرە شارەزاکانی ئەوروپا دادەنرێت.

٩) لە ل ٢٣ وتارێک لە لایەن بەرزان محەمەد، کورتە مێژوویەکی مۆسیقای کوردی، بڵاوکراوەتەوە، لێرەش نووسراوە لە "ئامادەکردنی؛، وا دیارە ئەم وتارە لە ئەسلدا بە زمانێکیتر (فەرەنس ؟) نووسراوەو کاک بارزانیش کردوویەتی ئیتالی یان بە دەستکاری




بە ناوی خۆی بڵاویکردۆتەوە. کاک بەرزان خۆی مۆسیقا ژەنێکی لێهاتووەو ماوەی دە ساڵ لە ئیتالیا ژیاوەو پاشان روویکردە سویسرا و فەرەنسا.

١٠) لە ل ٢٤ باسی بەستنی ئەو کۆنگرە جیهانیە کراوە کە لە ٢٢ ـ١٩٩٠/٣/٢٣ لە شاری فلۆرانسی ئیتالیا لە لایەن جالیەی کوردی ئامادەکرابوو.

١١) لە ل ٢٥ لە لایەک دەقی بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسی پاریس لەسەر "کوردەکان: مافی مرۆڤ و ناسنامەی کولتوری؛ کە لە رۆژانی ١٤ـ١٥ ئۆکتۆبەری ١٩٨٩ بەسترابوو، لە لایەکیترش ئەو نامەیەی زانای بەناوبانگی روسی، ئەندرێی ساخارۆف Andrei Sakharov، بۆ کۆنفرانسی پاریسی رەوانە کردبوو، بڵاوکراونەتەوە.

١٢) لە ل ٢٦ نامەی سێناتۆر ئیدوارد کەنەدی Edward Kennedy بۆ کۆنفرانسی پاریسی ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە. هەر لەم لاپەرەیە ناوی سەرنووسەر (رەوەز یان رێواس گەلالی؛ Rewas Gallali) و دەستەی نووسەران، کە هەموویان ئیتالین و ئەوکات و ئێستاشی لەگەلدا بێت جالیەی کوردی نایان ناسێت، بڵاوکراوەتەوە.

١٣) لە ل ٢٧ وتارەک لە لایەن د. ئازاد شێخانی، لەژێر ناوی "شوێنەوارناسی: کۆنە قەلا؛ بڵاوکراوەتەوە کە باسی قەلای کەرکوک دەکات. د. ئازاد شێخانی لە ئیتالیا دکتۆرای لە بواری تەلارسازی بەدەست هێناوەو ئێستاش لە زانکۆی سلێمانی مامۆستایە.

**بەشی یەکەم**

